# دەقئاوێزانی شیعری

# مەولانای ڕۆمی ( ١٢٠٧-١٢٧٣ )و

# مەولەویی تاوگۆزی ( ١٨٠٦-١٨٨٢ )

د. ئەنوەر قادر محەمەد/کۆلیژی زمان/ زانکۆی سلێمانی

پێشەکییەك: تا ئێستا توێژینەوەی زانستی دەربارەی ئەم بابەتە نەکراوە. بە میتۆدی دەقئاوێزان ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەنجام دەدرێت. پێش چوونە ناو کرۆکی باسەکە بە پێویستی دەزانم، ئاوڕێك لە ئەدەبی بەراوردکاریو لایەنی تیۆریی دەقئاوێزان بدەمەوە.

هەر لە سەردەمانی ئانتیکەوە چەمکی کۆمپەراتیڤ (بەراوردکاری) لە هەمووو جۆرە زانستەکاندا بەکار هاتووە. بەراوردکاری بۆ بەش بەش و پێناسە کردن پێویستە. ئەم چەمکە ئەرکی جیاجیا دەگرێتە ئەستۆو دەیەوێ لەیەکچوونو جیاوازی لە نێوان شتو دیاردەکاندا بخاتە ڕوو. ئەدەبی هەموو گەلو نەتەوەیەك دەگرێتە خۆ، هەروەها ماناو ناوەرۆکێکی زانیارییبەخشمان دەداتێ، بەتایبەتی لە هێنانەکایەی بەهائیستاتیکیو مانا بەرزە ئینسانییەکاندا. بەراوردکاری لە ئەدەبی ئەورووپاییدا سەردەمانێك دیسپلینێك بوو، ئەو نووسەرانەی دەگرتەوە کە بنەوانی بەرهەمەکانیان دەگەڕایەوە بۆ قۆناغی پێش ڕۆمانتیك، بۆ کۆتایی ساڵانی ( ١٧٠٠).

خۆی هەر زاراوەی litt´erature Compar´ée فەرەنسییەو لە یەکێك لە دەرزەکانی Jean-Jacques Amp´ere، کە زانایەکی فەرەنسییە، باسکراوە. لە ساڵی ١٨٣٢یشدا وەك زاراوەیەکی تایبەتی، بۆ یەکەم جار، بەکارهێنراوەو زیاتر شەقڵی بابەتە کۆمەڵایەتییە ئەرێتییەکانی پێوە دیاربووەو ڕەنگدانەوەیەکی ئەم جۆرە تەوژمانەبووە. (١٠،ل٥٣)•

بەراوردکاری بەرەبەرە بووە بەشێکی گرنگی ئەدەبناسی و هەتا سەردەمانێکی نزیکیش، هەر لەم چوارچێوەیەدا بە هەموو ڕێبازەکانییەوە، ئەدەبی گەلان لەگەڵ یەکدی یان بەرهەمی نووسەرانی هاوزمان بەراورد دەکرا. ئەم بەشەی زانستی ئەدەبناسی بەوردی ڕەچاوی هێڵی ترادیسیۆنی بابەتەکانی دەکردو لەوەی دەکۆڵییەوە کە بەدرێژایی ڕۆژگارو قۆناغەکان ، چۆن

• سیستێمی کۆدم بۆ پەراوێزەکان بەکارهێناوە, واتە: ژمارەی یەکەم ئاماژەی سەرچاوەکەیە کە لە لیستی سەرچاوەکاندا لە دوای باسەکەوە هاتووە. (ل)یش لاپەڕەی سەرچاوەکەیە.

پەیدابوون‌و ئاشنایەتییان لەگەڵ یەکدی هەبووە. لە ئەنجامی توێژینەوەی ئەم باسانەدا تایبەتمەندیی دەگمەن‌و دانسقەی بەرهەمەکان‌و جۆری کارکردنیان لە یەکدی‌و بە کورتییەکەی: چ شتی هاوبەش‌و چ هی لەیەك جیای دیاردەو بەرهەمە ئەدەبییەکان دەخرایەڕوو، لەم پرۆسە ئاڵۆزو تێکچڕژاوەی تەئسیرکردن‌و کەوتنە بەر تەئسیرەدا، زۆر بایەخ بەو هەل‌ومەرجە مێژووییە دەدرا، کە بەرهەمەکەی تێدا پەیدا بووە.

ئالیکساندەر دیمای ڕۆمانی کە یەکێکە لە ئەدەبناسە ناسراوەکانی جیهان‌و لە کتێبەکەیدا: "چەمکەکانی ئەدەبی بەراوردکاری" ، کە کراوە بە زۆربەی زمانەکانی دنیاو بە یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکانی ئەم جۆرە ئەدەبە دەژمێردرێ، ئاوا پێناسەیەکی ئەدەبی بەراوردکاری دەکا: "....پەیوەندیی ناوەرۆکی ئەدەبی گەلانە، ئەوە ئەو هەموو بابەت‌و هەست‌و نەست‌و وێنەی هونەری‌و ناسکوێژییە دەگرێتە خۆی، کە ستروکتووری دیاردە ئەدەبییەکە دیاری دەکەن" (١٢،ل٩٨). دواتر ئەم زانایە دوو زاراوەی بنەڕەتی دیاری دەکات کە " سەرچاوە، بنەوان" و "کارتێکردن"ـن و ئەمانە بە لایەنێکی زۆر گرنگی ئەدەبی بەراوردکاری لە قەڵەم دەدات، بەهۆی بەکارهێنانی ئەم دوو زاراوەیەوە دەتوانین سیمای هاوبەش یان جیای هەر بەرهەمێك دیاری بکەین (١٢،ل٩٨). ئیتر ئەمەش ئەگەر لە تایبەتییەوە بۆ گشتی بچین، ئەوا لە نێوان ئەدەبی نووسەرانی سەر بەیەك زماندا، دوایی هی زمانە لەیەك نزیکەکان‌و دواتر دراوسێ‌و دوا دواتریش زمانی شاکارەکانی ئەدەبی جیهانی. لەم پرۆسەیەشدا ئەلیکساندەر دیما هەر لای وایە، کە دەبێ پێوانەمان ئەوەبێ، کە بەرهەمە هونەرییەکە وەك "کوللێك" بنرخێنین.

ئەمەش جەختە لەسەر گیانی ئینسانی‌و جەوهەری هونەرو کارێکی زۆر ئاساییە، کە مرۆڤ لەگەڵ جیاوازیی ڕەگەزو زمان‌و دەوروبەردا ، لە شتە گەردوونی‌و ئینسانییەکاندا، کە چارەنووسی مرۆڤایەتییان سەرجەم بەیەکەوە گرێداوە، هەمان هەست‌و نەست‌و ئەندێشەیان هەبووەو هەیەو هەر لە سەرەتای پەیدابوونی هونەرو ئەدەبیشەوە، ئەو گرفتە وجوودییانە، چ مرۆڤی ئاسایی‌و چ هونەرمەندییان هەراسان‌و تووشی کەڵکەڵەو گەڕان بەدوای وەڵام‌و چارەدا کردەوەو بابەتە نەمرەکانی ئەدەب‌و هونەریش هەر لەم هەست‌و ئەندێشەیەوە کەوتوونەتەوەو دەکەونەوە.

لەم ڕۆژانەی ئێستادا، ئەدەبناس‌و ڕەخنەگرەکانی دنیا، بە تایبەتی ئەوانەی بە زمانە زیندووە ئەورووپاییەکان دەنووسن باس لە گیرو گرفتی بەراوردکاری دەکەن‌و پێیان وایە، ئەو پێودان‌و چوارچێوانەی ئەدەبی بەراوردکاری لەگەڵ بایەخی بەرزیشیاندا دەڕۆستی هەڵسەنگاندن‌و نرخاندنی دیاردەو بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەمڕۆ بە شێوەیەکی بابەتی و هەمەلایەنە نایەن.. ئێستا زیاتر لە زانستی ئەدەبی بەراوردکاریدا میتۆدی intertextuality، کە وشەیەکی بنەچە لاتینییەو مانای "نێوان تێکستەکان- دەق ئاوێزان" دەگرێتەوە بەکار دەهێنن.. ئەمەش ساڵی ١٩٦٦ زانای فەرەنسی (بە بنەچە بولگار) یۆلیا کریستۆڤا وەك چەمکێکی ئەدەبی هێنایە ناو و لە ئەدەبناسیدا پیادەی کرد.

توێژەرەوەکان لە باس‌و لێکۆڵینەوەکانیدا، ئینتەرتێکستوالیتیان بەسەر پێنج جۆردا دابەشکردووە: یەکەمیان- هەر هەمان زاراوەی بۆ بەکاردێنن، هەرچەندە دیاردەیەکی سنووردارەو

لێرەدا بە مانا فراوانەکەی بەکار نایەتو allusion "ئاماژە" و plagiary "دزینی ئەدەبی". Citation "هێنانەوە" دەگرێتەوەو زیاتر ڕەچاوی کارتێکردنو جێپەنجە دەکات.

دووەم- paratextuality ئەمەیان پەیوەندی بە rubric ناونیشان underrubric ژێر ناونیشان mellan rubric نێوان ناونیشانو پێشەکیو پاشەکیو .. هتدەوە لەگەڵ چوارچێوەی بەرهەمەکەدا هەیە.

سێیەم- metatextuality ، پەراوێزو شرۆڤەکردنی باسەکەیە، ناوەرۆکێکی ڕەخنەگرانەی تێکستەکەی هەیە.

چوارەم- archetexuality کە لە هەموویان ئەبستراکترەو زیاتر هێما بۆ کردنەو گوتە (کاتیگۆریا) گشتییەکان دەگرێتەوە، وەك ڕۆمان، وتار، شیعر... هتد

پێنجەم- hypertextuality کە پەیوەندی تێکستی B "hypertext"، و گەڕانەوەی بۆ تێکستی A "hypotext" دەردەخاتو جیایە لە شرۆڤەو پەراوێز بۆ کردن، بۆ نموونە "ئەنیادە"ی ڤێرگیلۆسو "یولیسیس"ی جیمس جۆیس هیپەرتێکستی هەمان هیپۆتێکست "ئۆدیسە"ن (٧،ل٢٢)

پێش ئەوەش کە ئینتەرتێکستوالیتی وەك میتۆدێکی لێکۆڵینەوە پەیدا ببێ، گەلێ شاعیرو زانا ئەم بیرەیان بە خەیاڵدا هاتووەو لێی دوواون، بۆ نموونە ت.س.ئیلیۆتساڵی ١٩١٩، دەڵێ: "ماناو ناوەڕۆکی بەرهەمی هیچ شاعیرێ، یان کاری هونەریی هیچ دانەرێ، بە تەواوی هی خۆی نییە. نرخاندنی ئەو لە پەیوەندیی لەگەڵ شاعیرو هونەرمەندە مردووەکاندا دیاریدەکرێ. مرۆڤ دەبێ لە پێناوی هونەرو کاری بەراوردکاریدا ئەویش لە ڕیزو ناو مردووەکاندا دابنێ" (٦،ل١٥).

زانای ئەدەبناسی سویدی ك.ئیسپمارك پێی وایە کە ئینتەرتیکستوالیتی، زاراوەیەکە هەقی بەسەر ژیانی ناوەوەی ئەدەبو گۆڕانو گەشەسەندنییەوە هەیە، ئەمەش هەمووو شتێك دەگرێتەوە هەر لە قەرز کردنو ئاماژەو هێما، تا پەیوەندیی شێوازو ستیل، دۆستایەتیو دوژمنایەتی، تەقلیدخوازی یان دابڕانو دوورکەوتنەوەی زۆر لە شێوازی دەربڕینی کەلەپووری پێشینەو کۆن.. هەروەها دەڵێ: ئینتەرتیکستوالیتی هەموو مێژووی ئەدەب بە گفتوگۆیەکی دوورو درێژی نەبڕاوە دەزانێ، کە تیایدا تاورێنەر (١٩٢٤-؟) لەگەڵ دیفۆ (١٦٦٠-١٧٣١)، یۆنسکۆ (١٩١٢- ) لەگەڵ شکسپیر (١٥٦٤-١٦١٦) بۆرگیس (١٨٩٩- ) لەگەڵ سیرڤانس (١٥٤٧-١٦١٦) دەدوێن (١٠-ل٥١).

ئینتەرتێکستوالیتی وەك هەمان زانا ئاماژەی پێکردووە، ئەوەندە باسی کارتێکردن نییە، بەڵکو جۆرە کێبڕکێو شان لە شاندانێکە لە نێوان دەقو بەرهەمەکاندا. (٧-ل٢٣).

هەروەها ئەم میتۆدە زۆر بە توندی ڕەخنە لە میتۆدە تەقلیدییەکان دەگرێ، کە جەخت لەسەر کارتێکردنی ئەدەبیو هونەریو گەڕان بە دوای سەرچاوەو بنەواندا دەکەن. خاوەنی ئەم بیرو ڕایانە لە باتی کارتێکردن، زاراوەی (فرۆید)ی گواستنەوە کە بە فەڕەنسایی دەبێتە "transposition" بەکار دەهێنن. مەبەست لەم چەمکەش ئەوەیە، کە تێکستێك یان سیستێمی ئیشارەتە (دەنگییەکان) دەچنە ناو تێکستێکی ترو لەم "دووناودوون"ەدا ئەو مانایە ڕووخسارێکی تر

وەردەگریٚ، بە واتایەکی تر ئەوە وتنێکی نوێیە..
تا چ ئەندازەیەك " ئینتەرتێکستوالیتیو کۆمپەراتیڤ"- (دەقئاوێزانو بەراوردکاری) لەیەك جیاوازن؟ لەم ڕووەوە Rene Wellek ڕەخنە لە میتۆدی ئەدەبی بەراوردکاری دەگریٚو دەڵیٚ: "کاری هونەری (کۆکردنەوەی) کەرەسەیەکی خاوی سەرچاوەی کارتێکردن نییە، ئەم کەرەسانە "کوللێکن"- هەمەیەکن. کەرەسەی خاو بە قەتیس ماوی نامێنێتەوەو دەچێتە قاڵبێکی تازەوە.. ئینتەرتێکستوالیتی تەنیا میتۆدێك نییە، بۆ ئەوەی بەراوردی دەقی پیٚ بکەین، بەڵکو پێودانێکە، مەرجێکە، گۆشە نیگایەکە، کە ئێمە چۆن بە گوێرەی ئەو کارێکی ئەدەبی دەخوێنینەوەو لێی تێدەگەین" (١٠-ل٦٣).
ئینتەرتێکستوالیتی دەیەویٚ پەی بە پەیوەندیی نێوان دەقەکان بباو نیشانیان بدا. هیچ دەقێکی ئەدەبی دیاردەیەکی لاچەپو کەنارگیر نییە، بەڵکو "مۆزاییکی دەق" پێکدێنیٚ.
بەم پێیە تێکست "دەق پێگرتنو هەڵگێڕانەوەی " دەقێکی ترە.. ئەم چەمکە نەك هەر نووسەرو بەرهەم بەڵکو خوێنەریش دەگرێتەوە.. چونکە ئەم، واتە خوێنەر، "لێکدانو تێکرژانی پانتایی تێکستەکانە" کە تیایدا نووسەرو وەرگری دنیای زمانو ناواخنی دەقەکە پێکەوە دەوردەبینن.. بە پێی ئەم مۆدیلەی فەیلەسووفو زانای ئەدەبو زمانو توێژەرەوەو ڕەخنە گری ناوداری ڕووسی میخائیل باختین، وشە چەندیٚ ڕووی لە بۆ نێردراوەکەیە ئەوەندەش ئاوڕ لە دواوە دەداتەوە..
یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی تری چەمکی باختین، تێگەیشتنی قووڵیەتی لە خەسیەتی مێژوویی ئەدەب، بە واتایەکی تر ناتوانین بە چاوی کوتومتی ئیستێتیکی شێوازی ئەمڕۆوە، ئەدەب وەك دابڕانێك سەیر بکەین، بەڵکو ئەمە ڕێچکەیەکی نەبڕاوەی گردبوونەوەو کەڵەکەبوونی تێکستەکانی ترە. ئەمەش هەر تەنیا مەودایەکی مێژوویی نییە (٢،ل٣٥).
لەم ڕووەوە بیرو بۆچوونی فەیلەسوفی ئایینناس مارتین بووبەریش لە باختینەوە نزیکە، ئەمیش لەسەر بنەمای بەیەك گەیشتن، دیالۆگو بەشداریکردن تیۆریای خۆی دامەزراندووە.. ئەدەب لای بووبەرو باختین دەربڕینی خواستی دیالۆگە، دەربارەی هاوبیرو هەستی، لە دەری (جوغزی) ئەو بەیەك گەیشتنە شیاوەوە هیچ پرۆسەیەکی داهێنانو بەیەکگەیشتنی تێکست نییە" (١٠،ل٥٦).
باختین لە کتێبە بە ناوبانگەکەیدا: "پۆیەتیکی دیستۆێڤسکی" چەمکی ڕۆمانی پۆلیڤۆنی "چەنددەنگی" دەهێنێتە ناوو زۆرجاریش وای لێکدەدایەوە، کە هەر زمانێك کۆمەڵە زمانێکەو بە هەموو لایەکدا خۆی دەبزوێنیٚو دەجووڵێنیٚ.. هەر لەم سەرچاوەیەشدا باختین چەمکی "دیالۆگ "دەهێنێتە ناو، کە بووە یەکێك لە بیرە بنەڕەتییەکانی ئینتەرتێکستوالیتی. باختین لە ڕوانگەی فەلسەفی خۆیەوە باس لە پەیوەندیی مرۆڤ دەکاتو لە باتی چەمکی "مۆنۆلۆگ"، "دیالۆگ" پەسەند دەکات. هەر ئەمەشە کە قوڵپێکی نوێی داوەتە دنیای هونەرو ئەدەب، بە تایبەتی گواستنەوەی ڕۆمان لە مۆنۆلۆگەوە بۆ دیالۆگ، ئەمەش لە ئەدەبی ئەورووپاییدا بەناوی باختینەوە بەندە. باختین دەڵیٚ: "مرۆڤ دەتوانیٚ خۆی لە مرۆڤێکی دی نزیکبکاتەوەو ئاشنای ببیٚ، یان ڕاستترە بوتریٚ، وای لیٚ بکات خۆی بخاتە ڕوو، ئەویش بە شێوەی گفتوگۆ دەبیٚ، هەروەك دیستۆێڤسکی ئەم هەوڵەی داوەو ویستویەتی وێنەی ڕاستەقینەی ناخی مرۆڤ لەو کاتانەدا کە هەڵسو کەوت لەگەڵ "ئەوانی

تردا" دەكات، بگرێت.. تەنیا لە پەیوەندی لەگەڵ یەكدیو بیروڕا گۆڕینەوەی مرۆڤ لە نێوان خۆیاندا، بیری "مرۆڤ لە مرۆڤ"دا دێتە ئاراوە.. ئەمەش مرۆڤ وەك تاكەكەسو هەموو ئەوانی تر دەگرێتەوە" (١،ل٢٧٨)

باختین لە شوێنێكی تردا ئەم بیرەی زیاتر گەشە پێداوەو دەڵێ: "دیستۆیێڤسكی بەردەوام بوو لەسەر هێڵی دیالۆگو پەخشانی هونەریی ئەورووپایی پێشخستو ژانرێكی هونەریی ڕۆمانی هێنایە ناو –ڕۆمانی پۆلیڤۆنی– چەند دەنگی" (١،ل٢٨٨).

هەر لێرەدا باختین دەگاتە ئەو ئەنجامەو دەڵێ: "هەموو ژانرێكی نوێ تەواوكەری ژانرە كۆنەكانە، ئەم بابەتە نوێیە، تەنیا دەوروبەرو ڕووبەرو مەودای ئەو ژانرانە، كە پێشتر هەبوون بەرفراوان دەكات" (١،ل٢٨٨). هەر ئەمەش بۆتە ڕوانگەیەك بۆ بەردەوامیی هونەرو ژیانەوەی بەهاو نەریتە ئیستێتیكییە بەرزەكانی كۆن بە ڕووخسارێكی تازەوە.

ئینتەرتیكستوالیتی لای تیۆریستەكانی وەكو دریداو باختینو بارت ئەوەیە كەوا چێژ لە دەقێك وەربگرینو تێی بگەین.. لەم ئاستەدا "نێوان دەقەكان"، بێناوو ونو گشتییە لە هەمان كاتدا، تەنیا لەم ڕێگەیەوە دەكرێ دەنگی تایبەت لەناو دەنگەكاندا جیا بكەینەوە" (١٠،ل٥٩).

باختین باس لە "دەمەتەقێی شاراوە" دەكات، وەك ئەوەی دەنگە غەریبەكە دەرپەڕێنرابێتە دەری تێكستەكە، بەڵام وەك "زایەڵە" و "بیرو ناوەڕۆك" هەرماوەتەوە.

## جۆرە بنەڕەتییەكانی پێودانی تۆژینەوەی دەقئاوێزان*

١. پەیوەندیی بەهێز / لاواز

هەندێ جار وا دەكەوێتەوە كە دوو نووسەرو شاعیر بەرهەمەكانییان لە چوارچێوەی قوتابخانەیەكی، ڕێبازێكی ئەدەبیدا یەكدەگرێتەوە.. بۆ نموونە شاعیرو هونەرمەندە ئەورووپاییەكان سەر بە قوتابخانە ئەدەبیو ڕێبازە هونەرییەكانی سەردەمانی خۆیان بوون، وەك سریالیزم، دادایزم، فۆتۆریزم، ئیكسپریۆنیزم... هتد.. یان لەم باسەی ئێمەدا مەولانا جەلالەدینی ڕۆمیو مەولەویی تاوگۆزی سەر بە ڕێبازی سۆفیزم بوونو هەندێ ڕێبازی سۆفیزم بە یەكیانەوە دەبەستێتەوە، ئەمە پەیوەندییەكی بەهێز لە نێوانیاندا دروست دەكات.

جاری وا هەیە نووسەرێك بە وریاییەوەو بە ئەنقەست دەیەوێ خۆی لە بەرهەمی نووسەرێكی تر وێڵ بكات، دووریش نییە كە پەیوەندیی بەهێز لە نێوان ئەمو بەرهەمی نووسەرەكەدا هەبێت. بۆ نموونە شاعیری ناسراوی سویدی گونەر ئیكەلۆف (١٩٠٧–١٩٦٨) نەی لە ترادیسیۆنی مەسیحی دەكات، كە لە جەوهەردا واش نییە..

هەندێ جاریش پەیوەندی بە شێوەیەكی تر دەكەوێتە ڕوو، ئەویش لە لێكچوونو لێكنەچووندا. بە شێوەی ڕازاندنەوەو ڕوونكردنەوە (illustration) ، ت. تۆدەرۆف چیرۆكناسی بونیادگەری،

* ڕاستییەكەی بە گشتیو بۆ ئەم دابەشكردنەش سوودم لە وتارەكەی A.Olsson (١٠) وەرگرتووە.

بەراوردی ڕازەکانی جیهان دەکات، بۆ ئەوەنا کە پەیوەندیو لێك نزیکییان دەربخات، بەڵکو دەیەوێ بونیادی پەرەسەندووی جیهانی ڕازەکان دەربخات.

٢. پەیوەندیی شیکردنەوەی دەق/ پەیوەندی بە تێکەڵو هێما..

بەم هۆیەوە دەتوانین بە شیکردنەوە بزانین، کە "یولیسیس"ی جیمس جۆیس دەچێتەوە سەر ئیپۆسە کلاسیکییەکەی هۆمیرۆس "ئۆدیسا"، ڤیرگیلیۆسیش لە "ئەنیادە"دا بەکاریهێناو دانتیش لە "کۆمیدیای یەزدانی"دا ڕۆڵی ڕێنیشاندەری داوەتە ڤیرگیلیۆسو بە ڕاشکاوی ئەمانە خۆیان دەبەستنەوە بە کەلەپوورێکی دەوڵەمەندو بەرزی پێش خۆیانەوە.

شێوازێکی پێچەوانەشی هەیە، کە شێوەیەکی زۆر ئاشکرا ناگرێتە خۆی بەڵکو زیاتر تاپۆو سێبەری بەرهەمەکانی ڕابردووی پێوەدیارە. پێشتر ئاماژەی "دەمەتەقێی شاراوە" کەی باختین کرا، وەك ئەوەی دەنگە غەریبەکە لە تێکستەکە دەرپەڕێنرابێتە دەرەوە، بەڵام وەك ئاوازە هەر ماوەتەوە، لەمەوە هارۆڵد بلووم میتۆدێکی داهێنا، کە بەپێی ئەمە، شاعیری تازە کوورە بە هەموو شێوەیەك دەیەوێ خۆی لە دەسەڵاتی ڕابردوو ڕاپسکێنێ و لە دژی بوەستێ، بۆیە هەندێ میتافۆرو شێوازی هونەری دادەهێنێ بۆ ئەوەی زاڵ بوونو ئازاد بوونی خۆی لە ڕابردوو نیشان بدات (٧،ل،٥٩).

٣. دیاری کردن / یان نەکردنی

ئەوەی ئاخۆ نووسەر بەرهەمەکەی }واتە: هی ئەو نووسەرەی{ کە هەست بە تەئسیری دەکرێ لەسەری خوێندۆتەوە یان نەء. زۆرجار ڕەنگە نووسەر بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی بە ناوازە و تازە لە قەڵەم بدات، نەچێتە ژێر ئەوەی بەرهەمی پێشینەی خوێندۆتەوە، بەڵام گرنگ قسەی خۆی نییە، ڕایەڵو پەیوەندیی نێوان دەقەکان گرنگە.

٤. دۆستایەتی/ دژایەتی

لێرەدا بیرو ڕای نووسەرەکە بە هەردوو لایەنەکەیەوە: دۆستایەتی یان ناحەزی دەوردەبینێ، ئەگەر خۆی بچێتە ژێرو بیڵێ، نووسەری واش هەیە بێدەنگ دەبێو باسی نووسەری پێش خۆی ناکات. لەگەڵ ئەوەشدا لێك نزیکیو ڕایەڵ لە نێو دەقەکاندا هەن. نووسەریش هەیە، ئاماژەی نووسەرانی پێش خۆی دەکات، لەبەر ئەوەی ناودارنو ترادیسیۆنێکی بەهێزو دەوڵەمەندیان هەیە، یان باونو چێژی سەردەمەکە وایە، ئامانجێکی ستراتیژی هەیە. لێرەدا کاری بەراوردکاری گرنگەو ڕوونکردنەوەو دیاریکردنی، بە پشت بەستن بە چەمکی دەروونیو کۆمەڵایەتیو ..... هتد.

٥. لە چوارچێوەی یەك زمان/ یان زمانی جیاجیادا.

لە نێوان تێکستی زمانێك، یان تێکستی جیای زمانانی جیادا، واتە لە نێو ئەدەبی گەلانی جیاوازدا، هارۆڵدبلووم یەکێکە لەو توێژەرەوە داهێنەرانەی کە باسی لە زاڵیی ترادیسیۆنی ئەدەبی

ئەنگلۆ-ساکسۆنی کردووە، هەر لە شکسپیرەوە تا میلتۆن و دوایی ئاشبیری.. هەرچەندە لە بەرهەمێکی دواتریدا تۆزێ ئەم ڕوانینە یەکلایەنەی خۆی ڕاستکردۆتەوە، بەڵام ئەوە نموونەی دیاردەیەکە لە چوارچێوەی یەك زمانو یەك ترادیسیۆندا.. ڕۆناڵد بارتیش هەمان بۆچوونی دووپات کردۆتەوە، بەوەی کە دەیەوێ یەکلایەنە هەموو ڕێبازی مۆدێرنیزم بکا بە دیاردەیەکی کوتومتی ناوخۆی ئەدەبی فەرەنسی، ئەمیش لە فلۆبێرەوە بەسەر پرۆستدا دەڕوا تا دەگاتە ڕۆب گرییە.. بەڵام سیحرئامێز و سەرنجڕاکێشتر دەبێ کاتێ لە نێوان ئەدەبی دوو گەلدا دەبێ. ڕێلکە بەبێ ترادیسیۆنی ئەدەبی فەرەنسی، بێ بۆدلێر و مالارمیە چی دەبوو؟ یان شیعری ڕووسیی پاسترناكو ئەخماتۆڤا بەبێ ڕێلکە چی دەبوو؟ کارتێکردنی ئەدەبی زۆرجار سنووری زمان دەبەزێنێ.

٦. پەیوەندیی نێوان ئەدەبی پیاو / ژن

ئەمە هیچ دەورێکی وای نییە، بۆ نموونە مارینا سڤیتاییڤاو ئانا ئەخماتۆڤا تەئسیری ڕێلکەیان زۆر لەسەر بووە.

٧.پەیوەندیی گشتی/ تایبەتی

فیرناند دی ساوسەر لە کارە زمانەوانەکانی خۆیەوە، ئەوەی هێنایە ناو، کە زمان سیستێمی نیشانەکانە (٥،ل٨٤). هەروەها دریدا بۆچوونی وای هەیە، کە زنجیرەی ئەم نیشانە (کۆدانە) کە یەك بەیەکەوە بەستراونەتەوەو کۆتاییان نییەو سیستێمێك پێکدەهێنن، هەروەها دەقیش لە دەقی تر دەکەوێتەوە هەر لەم ڕووەوە باختین باس "لە وشە بەکارهاتووەکان" دەکاتو دەڵێ، مرۆڤ دەتوانێ هەموو وشەیەك بڵێو بینووسێ، چونکە ئەو وشانە پێشتر چ لە ژیانی ڕۆژانەداو چ لە زمانی شیعردا بەکار هاتوون.

بە کورتی ئینتەرتێکستوالیتی بۆ تیۆریستی وەك دریداو باختینو ڕۆناڵد بارت ئەوەیە کە میتۆدی لە نێوان دەقەکاندا هەم نەناسو هەم گشتی ئامێزە. دەتوانین بە گوێرەی ئەمە دەنگی تایبەت لە نێوان دەنگەکاندا جیابکەینەوە.

٨. بەخواست /یان پێداویستی

میتۆدی "دەقئاوێزان"، هەستو دەرك کردنی خوێنەرە بەو پەیوەندییەی کە بەرهەمێکی ئەدەبی بە بەرهەمێکی دییەوە دەبەستیتەوە، سا بەوەی پێش خۆیەوە یان بەوەی پاش خۆی.. تێکستە پێشینەکان دەبنە هۆی پێکهاتنی ئەمانی دی. هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی هەمیشە سێبەری تێکستێکی تری بەسەرەوەیە..

لای یولیا کریستۆڤاو ڕیفاتیرە ئینتەرتێکستوالیتی ، دیاردەیەکە کە چەمکێکی نوێ دەگرێتە خۆ، کە سنوورێکی بەر بەرەڵاکراوی هەیە، کە هەم مێژوویی و هەم مەودای زۆرتریشی هەن.. بەلای

کەمەوە دەقی هەرە بچووکی شیعری دووانەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە، کە دەبێ خوێندنەوەیەکی هونەری (یان دووانەی) تێکستەکە بکەین، چۆن؟! هەموو جێ پەنجەو ژێردەقی نێو تێکستەکە بدۆزینەوەو بیدەینە بەر ڕۆشنایی، ئەمەش بنەوانی لە بیرو بۆچوونەکانی ف. دێ ساوسەرەوە هەڵگۆزتووە، کە باسی یاری بە وشەو پیتو ئەو وشانەی کە لەسەر بناغەیان وشەی تازە داڕێژراون دەکا. هەمان مەبەستیش لەگەڵ تێکستی ئەدەبیدا دەکرێ، کە زنجیرەیەکی نەبڕاوەی یەکدین.

## هەڵوێستو ڕایەڵو پەیوەندیی هەردوو شاعیر

مەبەست لەم پێشەکییە ڕێگاخۆشکردنێکە بۆ خستنەکاری میتۆدی ئینتەرتێکستوالیتی لە چوارچێوەی پراکتیکیی ئەدەبناسیدا بۆ لێکۆڵینەوەی بەرهەمی شاعیرانو لێرەشدا هەنگاوێکە بۆ دەرخستنی ئەو پەیوەندییە داهێنەرانەیەی لە نێوان شیعرەکانی مەولانای ڕۆمیو مەولەوی تاوگۆزیدا هەیە، کەواتە ئەمە دەچێتە نێو ئەو خانەیەی ئینتەرتێکستوالیتی، کە ئەدەبی دوو زمانی لێك نزیکە. ئەگەر شیاوبێ زاراوەی ترادیسیۆنی ئەنگلۆ- ساکسۆنی بۆ بەرهەمی زمانە ئەورووپاییەکان بەکاربێت. ئەوا گونجاوە ئێمەش زاراوەی ترادیسیۆنی ئەدەب بە زمانە ئێرانییەکان بەکاربهێنین. هەروەها نووسەری ئەم چەند دێڕە سوود لە میتۆدی زانای ناسراوی سیمیۆتیکان یوری لۆتمان، کە بە رابەری قوتابخانەی تارتۆ (ئیستلاند) بە ناوبانگە، وەردەگرێ. ئەم زانایە دوو کتێبی زۆر گرنگی هەیە: "ستروکتووری بەرهەمی هونەری" (١٩٧٠)" و "لێکدانەوەی دەقی شیعری" (١٩٧٢)- بیرو بۆچوونی ئەم زانایە بە یەکێك لە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی (ستروکتوراليزم) "بونیادگەری" ی جیهانی دەژمێردرێ. بەڵام بەپێچەوانەی هەندێ ڕوانگەو بۆچوونی زۆربەی بونیادگەرەکانەوە.. لۆتمان پێی وایە، کە دەق هەر بە پەیوەندییە ناوخۆییەکانی خۆیەوە ناوەستێ، بەڵکو پەیوەندی لەگەڵ سیستێمێکی فراوانتری مانا، دەقی ترو کۆدو فۆرمی تر لە ئەدەبو کۆمەڵیشدا بەگشتی هەیە (٥،ل٨٩).

بۆیە بۆ توێژینەوەی بەرهەمی لیریکی ڕۆمیی بەلخیو مەولەویی تاوەگۆزیی کورد باسکردنی زۆر ڕایەڵو پەیوەندیی تری ژیانیان بە پێویست دەزانرێت. هەردوو شاعیر سەر بە سۆفیزم بوون بەتایبەتی تیۆریای (یەکێتی بوون)و هەندێ لایەنی تری بیری سۆفیزم، کە لە جێگەی خۆیاندا باسیان لێوە دەکەین، لە بەرهەمیاندا ڕەنگیداوەتەوە.

سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە مەولەویی تاوەگۆزییان لە ڕووی کەسایەتیو شیعرەوە چواندووە بە مەولانای ڕۆمی، ئەی موراد میرزا نالێ:

ای تو ذاتت همچو ذات مولوی

وی کلامت چون کلام مثنوی (١٥،ل٤٥٨)

هەر بەمیتۆدی "دەقئاوێزان"، دەکرێ گەلێ لایەنی بەرهەمی شیعریی ئەم دوو شاعیرە، بدرێنە بەر ڕۆشناییو چۆنیەکیو جیاوازییانو ئەو تێکەڵییە ئۆرگانییەی کە "مۆزاییکی دەق" پێکدێنێ

بخەینە ڕوو.
لە کاتی نووسینی باسەکەمدا لەسەر مەولەوی، هەندێ مۆتیڤی حافزی شیرازی (١٣٢٥-١٣٨٩) و دوو سێ نموونەشم بۆ هەندێ مۆتیڤی مەولانا لە شیعرەکانی مەولەویدا هێناوەتەوە. هەروەها سەرنجێکی سەرپێیشم لەم بارەیەوە دەربڕیوە، کە ئێستە لام وایە پەلەپەلی زیاتر پێوە دیارە تاهەڵوەستەکردنو تاوتوویەکی ورد، ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەوە بوو، کە جۆری پەیوەندی لە نێوان حافزو مەولەوی لە هی مەولانا و مەولەوی جودایە، هی یەکەمیان بە هەندێ وێنەو مۆتیڤو میتافۆر دەبڕێتەوە.. بەڵام پەیوەندیی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمیو مەولەوی، هەرچەندە لە هەوەڵ نیگاشدا دەرناکەوێ، زۆر قووڵترو هەمەلایەنەترە: لایەنی ژیانو فیکرو شیعرو سەرجەم بەرهەمیان دەگرێتەوە. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بۆ چوونە دەبێ ئاوڕێك لە ژیانو دەوروبەریان بدەینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین لە شیعریان بگەینو هەوڵی دۆزینەوەی سەرەداوو پەیوەندیی شیعری ئەم دوو بلیمەتەی دنیای فیکری ڕۆژهەلات بدەین.
لەگەڵ ئەوەشدا مەولاناو مەولەوی لە ڕۆژگارێکی دوور لە یەکدا ژیاون: (سەدەی سیانزەیەم- سەدەی نۆزدەیەم) بەڵام چونیەکیو شتی هاوبەشیان زۆرە.
مەولانای ڕۆمی کە ناوی جەلالەدین محەمەد شێخ بەهائەدین محەمەدە لە بنەماڵەیکی زاناو ناودار، لە بەلخ (سەرووی ئەفغانستان) هاتۆتە دنیاو لە" قونیە"ش کۆچی دوایی کردووە. باوکی مەولانا زانایەکی ناودار بووەو سەروسەودای لەگەڵ سۆفیزم هەبووە، بەتایبەتی ڕوانگەی شێخ نەجمەدینی کوبرا (١٢٢١ مردووە)، لە سەردەمی عەلائەدینی سوڵتانی دەوڵەتی خوارزمشادا (١١٤٨-١٢٣١)دا، لەگەڵ زانایاندا لەسەر جیاوازی بیرو بۆچوون تووشی ڕاوانو گێچەڵ بووە، بەتایبەتی ناحەزییەکی زۆری لەگەڵ فەخرەدینی ڕازیدا هەبووەو، دەوڵەتیش لایەنی ڕازییان گرتووە. هەر ئەم ناکۆکییەش بۆتە هۆی ئەوەی، کە باوکی مەولانا بە ناوی بۆ حەج چوونەوە زێدی خۆی لەگەڵ کۆمەڵێ لە هەوادارانیو خێزانەکەیدا جێبهێڵێ. شایانی باسە، کە باوکی مەولانا بە نیشاپووردا تێدەپەڕێ، دیدەنییەکی زاناو سۆفیی گەورە فەریدەدینی عەتتار دەکا، دوای قسەو گفتوگۆ، عەتتار ئاماژەی جەلالەدین دەکا، کە ئەوکاتە منداڵ بووەو دەڵێ: "زۆرنابات ئەم کوڕەت، کە خۆشەویستییەکی زۆری لە دڵدایە، بە هەناسەی گەرمی، ئاگر لە سووتاوانی دنیا بەردەدات" و کتێبی "ئەسرارنامە"شی بەدیاری دەداتێ، کە مەولانا هەرگیز لەم کتێبە دانەبڕاوە. دوایی دەچنو لە "قونیە" جێگیر دەبن. (١٤،ل٢٦).
بەڵام بنەماڵەی مەولەوی هەرگیز زێدو نیشتمانی خۆیان بەجێ نەهێشتووە، هەرچەندە مەولەوی تا خوێندنی تەواوکردووە، لە گەلێ لە مەڵبەندە زانستییەکانی کوردستانی ئەردەڵانو بابانو شوێنانی تر خوێندوویەتی، بەڵام لە دواییدا هەموو پلەو پایەیەکی پایتەختو مەڵبەندە کلتوورییەکانی ئەو سەردەمەی ڕەتکردۆتەوەو گەڕاوەتەوە زێدی خۆیو ژیانی لەناو کەسو کاریدا بەسەربردووە.
بنەماڵەی مەولانای ڕۆمی دوای لە بەلخ هەڵکەنران، وەکو گەلێ لە زاناو ڕۆشنبیرانی ئەو ڕۆژگارە لە هەرێمو ژێر سەڵتەنەتی سەلجووقیدا، کە لە چاو بارو زرووفی گەلێ لە وڵاتانی ئەوسای ناوچەکەدا

ئارام بووه، جێگیر بوون. هەرچەندە ئەم ئاسایش و هێمنییەش درێژخایەن نەبووە، هەروەك ئەو ناوچانەی مەولەوی تێیاندا ژیاوە کارەسات و جەنگ و نەهامەتی زۆر گەورە بۆ ماوەیەك ڕووی تێ نەکردوون.

بنیادو سیستێمی دەزگا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەڵتەنەتی سەلجووقی و ئەمارەتی ئەردەڵان لە هەندێ ڕووەوە لە یەك دەچن: هەردووکیان دوو جۆر بوون: دەرەبەگی– خێڵەکی و هەبوونی شارو کولتووری شاریش، هەروەها مەڵبەندی تەریقەتی سۆفی بوون. تەریقەتی مەولەوی کە هەر بە ناوی (تەریقەتی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی مەولەوی) خۆیەوە بەناوبانگە، لە کوردستانیشدا نەقشبەندی (خالیدییەی موجەددیدییە) هەبووە. مەولەویی تاوگۆزی زانایەکی شافیعی مەزهەب و موریدی شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان بووە، کە لقێکی زانستپەروەرو ڕۆشنبیرو ئاسایشخوازی خالیدییە بوون.

زۆرجار ڕەخنە لە مەولانای ڕۆمی گیراوەو دەگیرێ، کە لە ڕووداوو ڕاپەڕین و کارەساتەکانی ڕۆژگاری خۆیدا هەڵوێستی ئاشکرای نەبووەو لە شیعرەکانیشیدا ڕەنگیان نەداوەتەوە، دەوترێ: "هەروەك زریانی ئەو هەژانە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی وڵاتییان گرتبۆوە، هەروەك ڕاپەڕینەکەی بابا ئیسحاق کە ئامانجی کۆمەڵایەتی و داواکاریی دادپەروەرانەی هەبووە، یان سمکۆڵی سوارەی مەغۆل و شین و هاواری هاووڵاتییانی بەرەو کۆیلەیەتی ڕاونراوی بەر بای گوێی نەکەوتبێ...... " (١١،ل٢١٩). سەیر لە وەدایە، هەندێ لەوانەی کە دواتر خەریکی ژیننامەی مەولانا بوون، ویستویانە ئەم کەلێنەی ژیانی بە ئەفسانەی ئەوە پڕبکەنەوە، کە چۆن هێزی پیرۆزی ئەو لە دژی مەغۆلەکان بە هانای خەڵکەوە هاتووە (١١،ل٢١٩).

هەروەها جۆرە ڕەخنەیەکی لەم بابەتەش لە مەولەوی دەگرن، کە بۆچی هیچ سۆزێکی بۆ دوو میرنشینی کوردی : ئەردەڵان و بابان لە شیعرەکانیدا بەدیناکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندیی لەگەڵ کەسایەتی و سەرانی ئەم دوو میرنشینەدا هەبووە. جارێ ئێمە تەواوی بەرهەمەکانی مەولەویمان لەبەردەستدا نییەو خۆی لە شیعرەکانیدا باسی سووتانی کتێبخانەکەی کردووە، لەلایەکی تریشەوە مەولەوی هەروەك مەولانا – ڕوو لە دین بووە و وەك سۆفییەك هەڵوێستی شەخسیی هەمیشە دژی زۆرداران بووەو داکۆکی لە هەژاران کردووە. مەولەوی لە هەندێ ڕووداوی ئاییی وەك ئەوەی "کاروانسەرا"دا نوێنەری شێخی سیراجەددین بووەو چووە بۆ ئەوەی غولام شاخانی ئەردەڵان لە بڵاوکردنەوەی شیعەگەری بە ئەمارەتدا پەشیمان بکاتەوە.. خۆ ئیتر ڕەنگە شاعیر زۆرجار داخ بۆ شتێك بخوا، بەڵام نەبێ بە شیعر یا بە نووسین.

لایەنێکی تری ژیانی ڕۆژانەو فیکریی ئەم دوو شاعیرە، هەبوونی شێخی کامڵە لای هەردووکیان. بۆ مەولانای ڕۆمی شەمسی تەبریزی ئەم شێخە بووە، دوای ئەمیش کەسانی وەك سەلاحەدین فەرەیدوون زەرکوبی قونیەیی و حیسامەدینی حەسەن جێگەیان تا ڕادەیەك گرتۆتەوە. بەڵام پایەی هیچ کەسێك لە دڵی مەولانادا نەگەیشتۆتە شەمس.

شەمس زۆرجار وەك دەروێشێکی گەڕیدە باسی لێ دەکرێ، بەڵام خاوەنی بەرهەمێکە بە ناوی (مقالات)و جگە لە لایەنە ئیدیالییەکەشی مرۆڤێکی زاناو چاوکراوە بووە، سەر بە ڕێبازی

قەلەندەرییەت بووە لە سۆفییەتدا، ئەوانەی کە هیچ بایەخێك بە دنیا نادەن، وەك گەڕیدەیەك دوای ڕاستی یەزدانیو نهێنییەکانی بوون کەوتووە، مەولانا بە شێوەیەك ڕێزو خۆشەویستی بۆ شەمس هەبووە، کە هەموو شتەکانی تری خستۆتە لاوەو تەنانەت قوتابیو موریدو کەسوکارەکەی پەژارەی ئەم حاڵەتەی بوونو پێیان وابووە، کە ئەوە لەگەڵ جێگەو پایەی مەولانادا ڕێك ناکەویو تەنانەت ڕاونانو لەناوبردنی شەمس دەدەنە پاڵ کوڕو موریدو قوتابییەکانی مەولانا (١١،ل٢٢٤).

بەڵام پەیوەندیی مەولەویو شێخەکانی جۆرێکی تر بووە، ڕاستە مەولەویش ڕێزو خۆشەویستییەکی زۆری بۆیان هەبووە، بەڵام جۆرە باڵانسو سەنگینییەك لە پەیوەندیی مەولەویو شێخەکانیداو تەنانەت جارو بار ساردیش لە نێوانیاندا هەبووە. مەولەوی موریدی شێخی سیراجەددین بووە، دواتریش لەگەڵ شێخی زیائەددینو بەهائەددیندا، دۆستایەتیی پتەوی هەبووە.

شەمس، وەك وترا، دەروێشێکی گەڕیدە بووە، بەڵام شێخەکانی هەورامان جێگەو پایەی کۆمەڵایەتیی بەرزیان هەبووەو بە دەیان زاناو شاعیرو ئەدیب لە سایەیاندا هەڵکەوتوون.

هەردووکیان بەرهەمی شیعرییان هەیە. مەولانا بە فارسی (کلیات شمس تبریزی) و (مثنوی) و (فیەمافیە) ی هەیە، کە ئەمەی دوایین شێوازی پەندو ئامۆژگاری هەیە. کلیاتو مثنوی هەردووکیان شیعرن، یەکەمیان لیریکیو دووەمیان بە گیانی داستانسەراییەوە گوتراوە. بەڵام بەرهەمەکانی مەولەوی بە سێ زمان: کوردیو فارسیو عەرەبین، (الفضیلة) و (الفوائح) و (العقیدة المرضیة) .... هتد بە شیعرنو بابەتی فیقەو فەلسەفەن، دیوانە شیعرییەکەیشی بە کوردیی هەورامییە. هەردوو شاعیر لە شەریعەتەوە بۆ تەریقەت چوون، هەردووکیشیان سەر بە ڕێبازی تێکەڵکردنی شەریعەتو سۆفییەت (سینکریتیزم) بوون.

لەم ڕۆژگارەدا کە گۆڕانکاریی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئارادایەو دڵەڕاوکەو پاشاگەردانیو بێئارامی جیهانی گرتۆتەوە، بەرهەمو شیعری مەولانا کراون بە زۆربەی زمانە زیندووەکانی دنیاو، وەك سەرچاوەیەکی هێمنیو هێوربەخش، پەنایان بۆ دەبرێتو دەخوێندرێنەوە.. بە بەراورد بە مەولانادا کەمتر، بەڵام بایەخو نرخی بەرهەمەکانی مەولەویی تاوگۆزیش ڕۆژبەڕۆژ لە زیاد بووندان.. ئەڵبەتە، ئەم وەك مەولانا لەم ڕووەوە بەخت یاری نەبووە، کە زمانی کوردی، زمانی دەوڵەتو ئەو بایەخ پێدانەبێت...

ئاخۆ ئەم دوو کەسایەتییە بیریار یان فەیلەسوف بوون. لێرەدا ڕای ڕۆژهەڵاتناسو ئیسلامناسی ناودار ر.نیکلسون دێنینەوە کە دەڵێ: "ڕۆمی- شاعیرو سۆفییە، بەڵام نە فەیلەسوفو نە بیریاریشە، چونکە سیستێمێکی (واتە فەلسەفی) نییە، بەڵام کەشو هەوایەکی ئیستێتیکی وای خوڵقاندووە، کە شیکردنەوەی سەختە" (P.VII،IX،9)

دەربارەی ئەو مەزندەیەش کە گوایە مەولانا ئامادەی دەرزەکانی ئیبنولعەرەبی بووبێ لە شام، ئەمەش نەبێ تەئسیری لە شیعرەکانیدا دیارە، مەولانا زیاتر لایەنی پراکتیکی سۆفیزمی مەبەست بووە، هەرچەندە لە سۆفییەتی فیکریشەوە نزیکبووە.

دەتوانین بۆ فەیلەسوفی و بیریاری هەمان شت دەربارەی مەولەویش بڵێین، بەڵام ئەوەی سەرچاوەکانی بەردەست دەریدەخەن کە مەولەوی تاوگۆزی لەوەناچێ ئەو جۆشەی بۆ سۆفیزمی پراکتیکی هەبووبێ، بەواتای ئەوەی کە بە شێوەیەکی بەربڵاو بانگەشەی بۆ سۆفیزم کردبێ، زیاتر ئەم سۆفییەکی فیکری بووە.

کەی ئەم دوو شاعیرە دەستیان داوەتە شیعر نووسین؟! دیارە مەولانا دوای یەکەم دیداری لەگەڵ شەمس و یەکەم دابڕانی لە ئەو، کانیی هەرگیز وشك نەبووەوەی شیعری تەقیوەتەوە، ئەینا پێشتر سەیری لێ هاتووە کە خوراسانییەکانی هاوزێدی بە کارێکی بێبایەخی وەك شیعرەوە خەریکبوون.. بەڵام نازانین کەی مەولەوی شیعر نووسینی دەست پێکردووە. مامۆستا سەید تاهیری هاشمی باسی عەشقێکی سەرەتای ژیانی مەولەوی کردووە (١٧،ل٥٧-٥٨). ڕەنگە هەر ئەمەش بووبێتە بناغەی عەشقی حەقیقی و سەرەتای شیعری.. چونکە دیوانەکەی لە هەڵبژاردە دەچێ و زۆربەڵگەی ئەوە هەن، کە شیعری دەورانی پیری و کامڵیی مەولەوی بن.

<u>شیعری هەردوو شاعیر</u>

لێرەدا من نموونە لە "برگزیده غزلیات شمس" (١٣) و "دیوانی مەولەوی" (١٦) بۆ توێژینەوە دەهێنمەوە، بە ئومێدی ڕوونکردنەوەی ئەو پەیوەندییە ئاشکراو نهێنییانەی لە نێوان دەقەکانیاندا هەن.

ڕەنگدانەوەی بیرو بۆچوونی "یەکێتی بوون" لە شیعری ئەم دوو شاعیرەدا، دەکەوێتە ئەو خانەیەی کە لە <u>ئینتەرتێکستوالیێتیدا پێی دەڵێن: سەر بە ڕێبازێکی هونەری یان فیکری بەهێز بوون، واتە ئەم دەقە لەوێوە بناوانی هەڵگرتووەو شاعیری تازە شانازی بەوەوە دەکات، کە خۆی وەها بناسێنێ</u>، مەولانا دەڵێ:

چو سیلیم وچو جوییم، همه سوی تو پوییم
که منزلگه هر سیل به دریاست خدایا
(١٣، ل٤١)
این صورت چیست، اگرخانه کعبه است؟
وین نور خدا چیست، اگر دیر مغانه است؟
-----
وین خانه عشق که بی حدو کرانه است..
(١٣،ل٦٩)

مەولەویش دەڵێ:

ئەی گرد مەوجوودێ جە تو گرد مایە
مەوجوود هەر تۆنی ماسیوا سایە
پەنهان بی تەنها، وەحدەتت مەوج وەرد
پەی شناسایی ظهوورێوەت کەرد

(١٦، ل٣١)

فەیلەسوف و سۆفیی ناسراو ئیبنولعەرەبی (١١٦٥-١٢٤٠) پێی وایە، کە یەزدان دوو سیفەتی هەن: یەکێکیان "گیانی بەرزە" کە نە دەرکی پێ دەکرێت و نە لە وزەی مرۆڤدا هەیە بە تەواوی بیناسێ، ئەوەی تریان ئەوەیە: گەردوون و سروشت ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی ئەون، ئەمان (سۆفییەکان) ئەو ناکۆکییەی بیری (تەوحید) و (یەکێتی بوون) بە ئاوێنەیەك دەچوێنن، ئەو ڕووخسارەی لە ئاوێنەکەدا دەردەکەوێ خودی ڕووخسارەکە نییە، بەڵکو وێنەی ئەوە. هەرچەندە بیری یەکێتیی بوون لە ئەفلاتونییەتی تازەوە نزیکە، بەڵام جیاشن، چونکە ئەمان پێیان وایە سرووشت و گیانی (کولل) لەیەك دانەبڕاون. مەولانا پێی وایە کە دوامەنزڵی شەپۆل هەر تێکەڵبوونە لەگەڵ دەریا، هەموو گەردوون (خانە عشق)ـەو هەموو (جزء ) ـەکان (کولل) پێکدێنن.
مەولەویش لای وایە هەموو: مەوجوودێ لە (ئەو) مایەی گرتووە مەوجوود هەر ئەوەو هەموو درشتەکانی دی سایەن.. خوا بۆ دەرخستنی گەورەیی خۆی دنیای بنیادناوەو جیلوەشی نەبڕاوەو بێکۆتاییە..
هەردوو شاعیر هەڵێکن بەدوای (ئینسانی کامیل)دا، ئەمیش دیسان "دنیای بچووك- ڕووخساری کردگارەکەی" ئیبنولعەرەبییە، مرۆڤ دەتوانێ لە ڕێگەی خۆ پاککردنەوەو بڕینی "مقامات"و یان بە بەهرەی لە پڕی حاڵ، بەرچاوی ڕوونببێتەوەو لە ڕاستی یەزدانی نزیکبێتەوە. ئەم ئینسانە کامیلەش، لە ڕوخساری "شێخ" "ئەڵقەی نێوان موریدو یەزدان"دا خۆی دەنوێنێ، هەرچەندە بۆشی هەیە، کە مورید خۆی ڕۆژێ لە ڕۆژان بگاتە ئەم پلەیە. لای مەولانای ڕۆمی، شەمسی تەبریزی ئەم "کامڵ"ەیەو لای مەولەوی شێخەکانی هەورامان، مەولانا دەڵێ:

چون نام رویت می برم، دل می رود والله ز جا
کو بام غیر بام تو؟ کو نام غیر نام تو؟
کوجام غیرجام تو؟ أی ساقی شیرین أدا
-----

(١٣، ل١٠٢)

از هوای عشق او باغ پر از بلبل است
و ز گل روخسار او مغز پر از بوست بوست
مفخر تبریزیان شمس حق آگه بود
کز غم عشق این تنم بر مثل وست موست

(١٣، ل ٨٩)

یان:

جمله یاران تو سنگند وتوی مرجان چرا؟
اسمان با جملەگان جسم استو با توجان چرا؟
---

با خیالت جزوجزوم می شود خندان لبی
می شود با دوشمن تو موبمو دندان چرا
(١٣ ، ل ٤٦-٤٧)

یان:

وجودم چو تو بدیدم شدم ز شرم عدم
زعشق این عدم امدجهان جان به وجود
(١٣، ل ١٨٩)

درکارگاه عشق بی تو هر انچه بافم
والله نه پود ماند، والله نه تارماند
(١٣،ل١٧٩)

مەولەویش ئاوا بە باڵای شێخەکانیدا هەڵدەڵێ:

ئایینەی کامڵ، ئازیزەکەی فەرد
فیدای ئامات بام، جەفاییت ئاوەرد
------

(١٦.ل٤٢)

یان: ئەوەڵ من کێنان، وجودم جە کۆن؟
واچۆن دۆسەنان شەرت قەبووڵ تۆن
ئەر وە بێگانە وەر خوێشم زانی
تۆ حەساوەنی وە هەرچیم وانی!

(١٦.ل ٣٠٠-٣٠١)

یان ئەم شیعرەی:

شێخ دەوڵەمەند بەهرەی سەرمەدی
یاگەی حەقیقەت جیلوەی ئەحمەدی
متصف بە وصف شأنی وصفاتی
مشرف بە فەیضی تەجەللای زاتی
---
پیرپاك جە گەرد خاکی ناسووتی
مەنزڵگەی سەربەرز سەر مەلەکووتی
دڵ وە نەوای بەزم جەبەڕووت ئاوا
سێراو سەراو لا هووتی ماوا
(جسمالدینا) روحا لدیە

دائیرەی تەمام (منە الیە)

(١٦.ل، ٢٩٨-٢٩٩)

مۆتیڤی "ئینسان‌و شێخی کامڵ"و نموونەی مرۆڤی ئیدیالی لە ڕاستی یەزدانی نزیکبووەوە، لای هەردوو شاعیر لەو نموونانەدا کە لەمەو پێش هێنامانەوە، ڕەنگییان داوەتەوە. پایەی (شەمسی تەبریزی) لای مەولانا هەمیشە ئەو (وێنە خەون)ەیە، کە سەرچاوەی ئیلهام‌و هەموو شیعرەکانی بووە، ئەی دیوانە گەورەکەی بەناوی ئەمەوە ناو نەناوە؟ دواتر -وەك باسمان کرد- هەندێ کەسایەتیی تری وەکو سەلاحەددین فەرەیدوون‌و ، حیسامەددین حەسەن.. هتد کە دوای نەمانی فیزیکی شەمس، خۆشەویستی‌و ڕێزیان لای مەولانا هەبووە،.. بەڵام دەتوانین بڵێین مەولانا بۆنی شەمسی ناوە بە ئەمانەوەو لە سیمایاندا شەمسی بیرکەوتۆتەوە، هەرچەند قەت کەس جێگەی ئەوی لە ژیانی مەولانادا پڕ نەکردۆتەوە. کەمتر لای مەولانا باس لەوە دەکرێ، کە (من) و (تۆ)یی لەگەڵ شەمسدا نەمێنێ، هەرچەندە شیعری واشی هەیە، بۆ نموونە دەڵێ:

نی من منم‌و نی تو توئی نی تو منی
هم من منم‌و هم تو توئی هم تو منی
من با تو چنانم أی نگار ختنی
کاندر غلطم کە من توام یا تو منی

(١٤ل٤٦٣)

هەمان وێنە لە شیعرەکانی مەولەویی تاوەگۆزیشدا هەن، دەڵێ:

تەنیای حەقیقی نەردێ بشانۆ
من‌و تۆ جەدەس من‌و تۆ سانۆ

(١٦،ل ٣٠٣)

واتە هیچ لەمپەرێك نەمێنێ لە نێوانداو یەکبین. پلەی شێخ عوسمانی سیراجەددین لای مەولەوی بەرزترینە، هەرچەندە دواتریش دۆستایەتییەکی بە هێز لە نێوان شاعیرو شێخی بەهائەددین‌و شێخی زیائەددیندا هەبووە.. بەڵام ئەو پابەندییەی مەولانا لەگەڵ (شەمس)دا هەیبووە، کەم وێنە بووە.

ئەو نموونە شیعرییانەی هێنامانەوە دەری دەخەن، کە هەردوو شاعیر دەقەکانییان ڕەنگدانەوەی چەمکی "یەکێتی بوون" و "ئینسانی کامیل" یان تێدایەو ئەمەش ڕایەڵێکی نزیککەرەوەی بەرهەمییانە لە یەکدی.

بێجگە لەم چەمکانەش کە پەیوەندییان بە سۆفیزم‌و گەڕانی مرۆڤەوە هەیە بەدوای هەڵهێنانی نهێنییەکانی بووندا‌و هەوڵێکە بەهۆی خۆ پاککردنەوەو خۆشەویستییەوە بۆ گەیشتن بە "یەقین" (دڵنیایی)... هتد شیعری هەردوو شاعیر لە ڕووی شێوازو بنەماو بەها ئیستێتیکییەکانەوە ڕایەڵ‌و

پەیوەندیی هاوبەشییان هەیە.
کاتێ سەیری ستروکتوور (بونیاد)ی شیعرەکانیان دەکەین، بونیادێکی داستان ئامێزییان هەیە، بە پێچەوانەی هەندێ شیعری کلاسیکی کوردیو فارسی- لە بەرهەمی هاوچەرخەکانیان، کە هەر بەیتەو جۆرە سەربەخۆییەکی هەیەو واتایەکی تەواو دەدات بە دەستەوە. لەم بارەیەوە جێگەی خۆیەتی، کە بۆچوونی محەمەد ڕەزای شەفیعی کۆکەنی، کە پێشەکی بۆ شیعرە هەڵبژاردەکانی مەولانا نووسیووە، بهێنینەوە دەڵێ: "دەربارەی شێوازی زەینی، یان ناوەوەی غەزەلەکانی شەمس دەبێ بگوترێ، کە هەموو بەشو بەیتەکانی ئەم غەزەلانە، هاوئاهەنگییان تێدایەو لە سەرجەمی غەزەلەکاندا جۆرە تەبایی‌و هارمۆنیایەك هەیە.. ڕاستە، غەزەل لە سەردەمی مەولانادا جۆرە وەحدەتێکی هەبووەو بەیتەکانی وابەستەییەکی بەرچاویان پێوە دیار بووە، بەڵام ئەگەر غەزەلەکانی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی بە هی سەعدیی هاوڕۆژگاری، یان عەتتاری پێشینەی بەراورد بکەین، ئەوا لە غەزەلەکانی مەولانادا، تێهەڵکێشی‌و یەکێتی زیاتر هەست پێ دەکەین. " (١٣،ل٢٧)

بۆ نموونە مەولانا لە بەهارییەکدا دەڵێ:

انکه قطار ابررا، زیرفلك چو اشتران
ساقی دشت می کند، برکه غار می کشد
رعد می زند دهل، زنده شدەست جزوکل
در دل شاخ ومغز گل بوی بهار می کشد

(١٣، ل ١١٤)

لێرەدا شاعیر توانیویەتی تابلۆیەکی ئەلیگۆریا (مەجاز) مان بۆ بکێشێ‌و چەند کۆدێکی نزیك لە یەکی وەکو: رعد برکە، دشت، شاخ، دهل جزوکل بەیەکەوە کۆ بکاتەوە، کە لە ڕێگەی بینین، بیستن، بۆنکردنەوە، بە هۆی نزیکی و پەیوەندیی ئەو وشانەی سەرەوە لە یەکتری، ئەو تابلۆیەی بۆ کێشاوین. ئەگەر هەر وشە، وێنەیەك، یان تەعبیرێك لەو کۆپلێتە دەربهێنین، کەلێنێك، ناتەواوییەکی تێ دەکەوێ.
نموونەیەکی مەولەوی دێنینەوە، هەر مۆتیڤی (بەهار)ی هەیە:

ئاماوە وەهار، وەهار شادی
بۆی عەتر نەسیم، خونچەی ئازادی
خێڵخانەی خەفەت باربەنیش کەردەن
مەینەت ڕونیان وە ماوای مەردەن
----
ئینە نەتیجەی دیای باڵای تۆن
نیشانەی ویساڵ خاڵ ئاڵای تۆن

(١٦.ل ٣٨-٣٩)

مەولەویش وشەگەلێکی وەك : وەهار، شادی، عەتر نەسیم، خونچەی ئازادی، خێڵخانەی خەفەت....ی بەکار هێناوەو تابلۆی هاتنی بەهارو ڕەواندنەوەی خەمەکانی بۆ کێشاوین... لای مەولانا (جزء و کل) زیندووبۆتەوە، لای مەولەویش بەهار نیشانەی بە وەسڵ شادبوونە.. پەیوەندیی مۆتیڤی گشتی لە ڕووی "نێوان دەقە"وە، لەم دوو نموونەیەدا هەیە:

گۆڕانی سروشت+ جوانی سرووشت+ ئارامیی گیانو باری دەروونی.. شادیی دڵو دەروون لە یەك کاتدا لای هەردوو شاعیر لەم نموونە بەهارییەدا هەن.

لایەنێکی تری هونەریی شیعری هەردوو شاعیر، ئەوەیە کە شیعریان زادەی ئەندێشەو دەربڕی ساتەکانی ژیانییان بووە، زۆرجار شیعرەکانیان شەقڵێکی " ڕۆژژمێر – ساتئامێز"ی پێوە دیارە، ڕایەکی تری کوکەنی دەربارەی شیعری مەولانا دێنینەوە، کە دەڵێ: "شیعر ئەزموونەو ئەم ئەزموونانەش هەرچەندە لە ڕووی مۆسیقاو زمانو وێنەگەری جۆراوجۆربن، یەکێتیو وەحدەتێکیان تێدایە، کە دەبێ وەحدەتی حاڵیان ناو لێ بنێین." دواتر دەڵێ: "ئەم وەحدەتی حاڵەش لە جیهانبینیو ڕوانگەی فیکریو نیگای قووڵو چڕبووەوەوە لەدایك دەبێ. چونکە هەر غەزەلێکی ئەنجامی جۆشو خرۆشی ویژدانی بێ ئاگایی ئەوە، زۆری بە تەئسیری مۆسیقاو وەجدو شۆڕی "سەماع" پەیدابووە.. ئەم وەحدەتی حاڵە دیارترە"، (١٣،ل٢٧) .. هەر دەڵێی ئەم ڕستانە دەربارەی شیعری مەولەویی تاوگۆزیش وتراون.. ئەمە لەگەڵ چەمکی شیعری "image"یشدا یەکدەگرێتەوە کە شێوە پێناسەیەکی نزیك لەم بیرو ڕایەی هەیە.

لێرەدا دوو نموونەی (بەهاری)ی تر لە شیعری هەردوو شاعیر بۆ ئەم بۆچوونەی سەرەوە دەهێنینەوە، کە هەست دەکەین هەردوو شاعیر لە پڕداو بە کارتێکردنی جوانیی دەوروبەر هەژاون، ئەو حاڵەتە کتوپڕەیان لە بۆتەی ئەم شیعرانەدا داڕشتووە، مەولانا دەڵێ:

دی شدو بهمن گذشت، فصل بهاران رسید
جلوه گلشن به باغ همچو نگاران رسید
زحمت سرماو دود رفت به کورو کبود
باغ ز سرما بکاست، شد زخدا داد خواست
لطف خدا یارشد، دولت یاران رسید

----

ان گل شیرین لقا، شکر کند از خدا
بلبل سرمست ما بهار خماران رسید

(١٣، ل١٨٣–١٨٤)

مەولەویش دەڵێ:

وەهارەن، سەیرەن، سەوزەی دیاران

نم کەوت نە دیدەش، چون شەو بێداران
پەی دڵەی مانیای دەروون مەڵاڵان
سایە بەستەوە خەیمەی گوڵان
بۆی یەخەی سەحەر پەی دەماخ دڵ
مانۆ وە نەسیم جێب جەمین گوڵ
چون دیوانەی شۆڕ ئازیز نە سەردا
شەتاو سەر هۆرگرت وە دەشتو دەردا
تووڵانی چون هیجر خاتر پڕ دەردان
ڕەوان وێنەی وەسڵ گەردن بێگەردان

(١٦.ل٤٦٧)

له ڕووی پەیوەندیی "دەق ئاوێزان"ەوە دەشێ مەولەوی ویستبێتی شیعری خۆی بگەیەنێتە ئاستی مەولانای ڕۆمی، کە شاعیرێك بووە چەند سەدە پێش مەولەوی ژیاوەو بەرهەمەکانی لووتکەی شیعری فارسیو کولتووری هەموو ڕۆژهەڵات بوون.. ئەمە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی (هاڕۆڵد بلووم)دا یەکدەگرێتەوە کە لە پێشدا هێنامانەوەو کرۆکەکەی ئەوەیە کە شاعیر: " دەیەوێ خۆی لە دەسەڵاتی کلتووری ڕابردوو ڕاپسکێنێو زاڵ ببێ بەسەریدا" (١٠،ل٥٩). بۆیە دەبێ چەردەیەك وێنەی هونەریو شێوازی ناسکوێژی دابهێنێ، بۆ ئەوەی دەنگی تایبەتو ڕەسەنی خۆی بسەلمێنێو جیاوازییەکی داهێنەرانەی لە پێشینەی خۆی هەبێ.
هەروەها گەلێ مۆتیڤو وێنەو بیرۆکەی شیعریی لێك نزیکی ئەم دوو شاعیرە هەن، بۆ نموونە:
مەولانا دەڵێ:

هر کجا ویران بود انجا امید گنج هست
گنج حق را می نجوی در دل ویران چرا؟
هرترانه اولی دارد- دلا و آخری
بس کن اخر این ترانه، نیستش پایان چرا؟

(١٣، ل ٣٣)

مەولەوی دەڵێ:

گوڵ عادەتشەن، بێ خار نمە بۆ
گەنج ڕەویەشەن بێ مار نمەبۆ

(١٦، ل٩٨)

یان

یا شێخ تۆ نەبۆ نەی زەمانەدا،
کێ گوزەرمەکۆ وەی وێرانەدا؟

یان

باریٚ دڵ وه خشت ویٚرانی ئاوان
حەقت وە دەسەن نەداری تاوان
دڵ طفلو ئازیز هەر ڕۆ نه شانیٚ
هەر لادیٚ تەرزیٚ، هەر سات نیشانیٚ

(١٦، ل ٩٠)

لەم نمونەیەی سەرەوەی مەولاناو ئەو دوو نموونەیەی مەولەویدا ڕایەڵی شاراوەی بە یەکەوە بەستن هەیە، بە قەولی بلووم: "ئەرکی ئینتەرتیکستوالیتی دۆزینەوەی ڕێگا شاراوەکانی نێوان تێکستەکانە" (١٠،ل٥٩) مەولانا دوو وێنەی باوی شیعری کلاسیکیو تەقلیدی وەك: "گەنجو مار"، "خەزینەو وێرانە"ی بەکار هێناوە. مەولەوی هەمان شتی بە وێنەی تری جۆراوجۆرو لە چەند شیعرێکدا بەکارهێناوە. ئەمەش بەڵگەی سەربەخۆیی و شێوازی هونەریی جیای هەردوو شاعیرە. هەروەها مەولەوی جارێك (دڵ)ی خۆی بە وێرانەو جارێکیش بە بە خشتی وێرانی ئاوەدان ناودەبا. ئەمەش بنەوانێکی دەچێتەوە سەر "در دل ویران"ەکەی مەولانا.. لە دڵی مەولەوی بە خشتی وێرانی ئاوەداندا، چەمکێکی سینتاکسی دژ هەیە، "ژیری و گێلی" دوو شتیٚ ناکۆك تێکەڵکردن، وێرانەو ئاوایی..

دیسانەوە مەولانا دەڵیٚ: "بس کن اخر این ترانه، نیستش پایان چرا؟!" لەگەڵ: "هەر ڕۆ نه شانیٚ، هەر لادیٚ تەرزیٚ، هەر سات نیشانیٚ"و نیوە دێڕێکی تری مەولەویدا: "ئای پەی جیلوەی دۆس نیهایەت نییەن، (١٦، ل٢٠٩)دا دەچنەوە سەر یەكو هەردوو شاعیر باسیان لە چەمکی نەبڕاوەییو بێکۆتایی بوون کردووە.

مەولانا لە شیعرێکی تردا دەڵیٚ:

غنچه چو مستوریان کرده، رخ خود نهان
باد کشد چادرش ك (أی سره روبرگشا)

(١٣،ل٥٩-٦٠)

مەولەویش دەڵیٚ:

بەڵ سەوز ببۆ تۆم ئارەزووەکەی دڵ
های چەمە دەخیل شەویٚ شەونمیٚ
بەڵ ڕۆ بنمانۆ ئەو نازك نەوگوڵ
دەمە نەسیمیٚ وادەی سوب دەمیٚ

(١٦، ل٧٠)

مەولانا میتافۆرێکی بەکارهێناوە، خونچەی چواندووە بەو کچانەی ڕووی خۆیان داپۆشیوە، "با" پەچەکە لادەداو دەڵیٚ: ڕووی خۆت دەرخە! جۆرە هاوکێشییەکی ئاوا درووست دەبیٚ:
خونچە بە نەکراوەیی- ڕووخساری جوانی ژێر پەچە..

با- هەناسە

چۆن با خونچە دەکاتەوە ئاواش هەناسە پەچە لادەدات. ئەمە مەولانا، بەڵام لێرەدا مەولەوی هەمان وێنەی گەشەپێداوە و تابلۆیەکی ئەلیگۆری (مەجازی) لێ دروست کردووە، تۆوی ئارەزووی دڵ- بە شەونم- فرمێسکی شەو بێداران سەوزدەبێ

بەیانیانیش نەسیم- یان هەناسە، ڕووی نازك نەوگوڵ- ئازیز دەردەخا.

مەولەوی شەوبێداریو خەڵوەتی لە خواترسانو فرمێسکی چاویان و تۆوی ئارەزوو و بای بەیان- هەناسەی تێکەڵکردووەو "تابلۆیەکی مەجازی" لێ پێکهێناوەو هەمووشی بۆ ئەوەیە ڕووی نازك نەوگوڵ- ئازیز- شێخی کامڵ دەربکەوێ.. هەندێ لقو چڵی وێنەکەشی هەڵپاچیوەو زۆر بە چڕی دەریبڕیوە: چەمە- شەونمێ، دەمە- نەسیمێ- کە ئەمەش چڕکردنەوەیەکی ستیلە.

هەروەها نەسیم تەوەرەیەکە لای هەردوو شاعیر هەندێ وێنەی شیعری بە دەورەوە دروست دەبێ و شاعیران ئەرکی جیاجیا دەخەنە ئەستۆی، بۆ نموونە مەولانا دەڵێ:

بوی خوش این نسیم از مشکی زولف اوست

شعشعه این خیال ز ان رخ چون "والضحا"ست،

(١٣، ل٨٧)

مەولەوی دەڵێ:

بۆی یەخەی سەحەر پەی دەماخ دڵ

مانۆ وە نەسیم جیب جەمین گوڵ

(١٦.ل٤٦٧)

یان

نەسیم وە بۆی چین چنوور ڕووی هەرد

سوب (صباح الخیر) دەماخ دڵ کەرد

(١٦، ل٦٨)

یان

ئەو بۆ جەو تەرەف سوب نەسیم ماوەرد

هەرجە دوورەوە زام سارێش مەکەرد

(١٦.ل، ١٩٥)

لێرەدا مەولانا بۆی نەسیم بە بۆنی میسکی زوڵفی یار ناودەبا، هەروەها درەوشانەوەی خەیاڵی بەو ڕووەیە کە وەك بەیان وایە، والضحا ئاماژەیە بۆ ئایەتی (والضحا والليل اذا سجی.....) شاعیر میتافۆرێکی زۆر جوانی داهێناوە ، هاتووە درێژەپێدانی واز لێ هێناوەو هەندێ شتی لابردووەو بە شێوەیەکی هونەریو ناڕاستەوخۆ، دووانەی دژ بەیەك- کە تایبەتمەندیی شیعری سۆفییانەیە- بەکاری هێناوەو ئەم وێنەیەی نەخشاندووە:

شەو- زوڵفی یار

بەیان- ڕووی یار

ئەوەی بە هۆشیارییەوە واز لێ هێناوە، کە درێژەی بداتێو بڵێ زوڵفی وەك شەوو ڕووی وەك بەیان، ئەم ڕووە هونەرییە تەقلیدییە لەم بەیتەدا شاراوەیەو بۆی خۆشی نەسیمەکە لە پێشدا دێ و ئەکسێنتی خراوەتەسەرو دراوەتە بەر تیشك.. بەمەش مەولانا توانیویەتی سێبەرو ڕەنگی جۆراوجۆر ببەخشێتە بەیتەکەو خوێنەر لە یەکەم خوێندنەوەدا هەمووی بۆ دەرناکەوێو دوای وردبوونەوە، جوانیو باڵادەستی شاعیری بۆ ڕوون دەبێتەوە.

مەولەویش "نەسیم" بەکار دێنێ، بەڵام ئەم چۆن تابلۆکەی دەنەخشێنێ؟! ئایا هەر وێنەکەی مەولانا دووبارەدەکاتەوە، یان شتێکی دەخاتە سەرو بە جۆرێکی ترو لە ئەزموونێکی تردا دایدەڕێژێتەوە؟! بێگومان وەك شاعیرێکی داهێنەر، بە شێوازی خۆی "نەسیم" بەکاردێنێ. بۆی نەسیم لای مەولانا هی میسکی زوڵفی یارە، بەڵام مەولەوی وێنەکەی لە بنەڕەتەوە گۆڕیوە، لەسەر تەوەرەیەکی تر دایرشتۆتەوە، ئاوەها:

بۆی یەخەی سەحەر وەك

بۆی سینەی یاری ڕووخسار وەك گوڵ وایە

ئەگەر سەیری کەرەسە ڕیالییەکانی ئەم دوو وێنەیەی هەردوو شاعیر بکەین، هەریەکن: نەسیم ، یار، بۆنی یار، ڕووی یار.. بەڵام هەر شاعیرەو شتێکی لەوی تر جیایە. مەولەوی (مسکی زوڵفەکەی یار کە نەسیم دەیهێنێ)ی مەولانای کردووە بە (بۆنی سینەی یار)و چوواندوویەتی بە بۆی یەخەی سەحەر لە بەیاندا کە پڕە لە بۆنی گوڵان. لای مەولانا (شعشعە خیال) هی ئەو ڕووخسارو بۆنەیە. لای مەولەویش بۆنی سینە دەماخی دڵی مەست کردووەو پێی کەوتۆتە نەشە.. شایانی باسە، ئەم وێنەیەی مەولانا : "شعشعە این خیال ز ان رخ والضحاست" لە شیعرێکی تری مەولەویدا بەدی دەکەین، کە ئەمەیە: "چون چیهرەی خەیال ڕوخسارەکەی وێش، (١٦، ل١٨٢-١٨٣)... مەولەوی (شعشعەی خیال)ی کردووە بە "چیهرەی خەیاڵ".. کۆششی زاڵو داهێنانی مەولەوی لەوەدا دەردەکەوێ، کە توانیویەتی ئەو مۆتیڤو لایەنە هونەرییانەی کە بوونەتە بنەماو سامانێك بۆی بە شێوەیەکی تازە دایانڕێژێتەوەو دەبێ بە چراوە دوای ئەو هەموو سەرە داوو توولە ڕێیانە بکەوینو ئەمەش جەختێکە لە بیری "مۆزاییکی دەق"ی ئینتەرتێکستوالیتی، کە مەسەلە هەر کارتێکردن نییە، بەڵکو شاعیرانی داهێنەرو خاوەن توانا، هەر یەکەو لەلای خۆیەوە بەشداری لە "مۆزاییکی دەق" دا دەکات. دەتوانین چەندین نموونەی "نەسیم"ی تر، لە شیعری هەردووکیان بهێنینەوەو هەمان گیانو خامەی داهێنەرانەی هەردوو شاعیر ببینین.

یەکێك لە خەسیەتە هاوبەشەکانی ئەم دوو شاعیرە چۆنییەتی مامەڵە کردنیانە لەگەڵ زماندا. مەولانای ڕۆمی شیعری خۆی لە چوارچێوەی زمانێکی وشكو برینگی ڕەسمی پڕتەن تەنەی لەفزیدا قەتیس نەکردووە، تەنانەت هەندێ وشەو زاراوەی خوراسانیشی هێناوەتە ناو شیعرەکانییەوە، کە ڕەنگە لەگەڵ میزاجی سەبکی زمانە تەقلیدییەکەدا بەگرێو گۆڵ سەیر بکرێت. مەولەویش زۆر ئەوەندە پابەندی هەموو کەینو بەینێکی دیالێکتی گۆرانی، کە ڕێگەگری شیعری

بووبێ، نەبووەو تەنانەت لەملاو لەولای شیعرە لیریکییەکانیدا، تاپۆو سێبەری زمانیماڵەوەی، کە گۆرانی نەبووە، دیارە. ئەمە با لەوە بگەڕێین، کە کۆمەڵێ وشەو وێنەی لە ژیانی ڕۆژانەو سادەو ساکاری خەڵکەوە بۆ نەخشاندنی تابلۆکانی بەکار هێناوە، لەو کەرەسە ساکارانە ، بیری ئەبستراکتی بۆ دەربڕیوین و لە گۆشەنیگایەکی فەلسەفییەوە، لە شیعرەکانیدا بە زمانێکی شیعری چڕو پڕ ئاوازەوە لە گرفتە وجودییەکانی مرۆڤایەتی ڕاماوەو لە کەڵکەڵەی دۆزینەوەی وەڵامی نهێنییەکانی بوون – ژیان و مردندا بووە..

جا، دوو شاعیری ئاوا پێشڕەوو گیان پڕ عەشق و شۆڕ، دەبێ لەگەڵ هەموو دەسەڵات و زاڵیشیاندا بەسەر هونەرەکەیاندا، چۆن دژی هەموو لەمپەڕو کۆت و پەیوەندێك نەبن.. یەکێ لەو شتانەش پابەندییە بە کێش و قافیەوە،.. مەولانا ئاوا سکاڵا دەکا:

رستم از این بیت و غزل، أی شه و سلطان ازل

مفتعلن مفتعلن مفتعلن کشت مرا

یان:

قافیه را مغلطه را، گوهی سیلابی بیر

پوست بود، پوست بود، در هر مغز شعرا

(١٣،ل٢٤)

مەولەویش ئاوا دەڵێ:

مەنعم مەکەردی گرانە دەردم

ئەر شێویا بۆ قافیەی فەردم

فەریاد جە شۆرەی ئەرز چارەی من

هەرسەوزەی مراد من نادیارەن

داد جە هەوای شووم بەد ستارەی من

هەر نەوگوڵاڵەی من نەپێوارەن

(١٦،ل٦٩)

مەولانا لە بەردەم تەوژم و هەژانی گیانیدا "مفتعلن مفتعلن مفتعلن کشت مرا" و "قافیه رامغلطه را.. " دەڵێ و ئەمانە بە کۆت و زنجیرو کۆسپی بەردەمی هەڵڕشتنی ئەندێشەی دەزانێ.. کەچی مەولەوی کاتێ بە قافیەی سۆناتەیی: abab ، کە شێوازێکی شیعری ئەورووپاییە شیعر دەڵێ، داوای لێ بووردن دەکا. ئەم سکاڵا ناڕاستەوخۆیەی مەولەویش، هەر جۆرێك لە ڕەتکردنەوەو ناڕازی بوونە.. لێرەدا دەربارەی بابەتێك، دوو هەڵوێستی جیاواز هەن.. بەڵام <u>پەیوەندییەکی لاوازی نێوان دەقیشیان تێدا هەر هەیە..</u> مەولەوی هەر بە کێشی (١٠) پەنجەیی فۆلکلۆری کوردی شیعری وتووە، بەڵام کۆمەڵێك وەستانی جۆراوجۆرو ڕەنگینی ، بۆ خەملاندنی ئاوازو مۆسیقای شیعرەکانی دروست کردووە. هەروەها لە چنینی ئاوازەی پیت و وشەکان مەودای مۆسیقای ناوەوەی ڕەنیوهێناوە.. ئەوە خۆ غەزەلەکانی مەولانا زۆربەیان لە کاتی سەماو زیکرداو بە

کارتێکردنی (سەماع) وتراون‌و دواییش هەر لەو کۆڕو کەش‌و هەوایانەدا دڵی هەواداران‌و عاشقانی ڕاستیان هێناوەتە جۆش..

لایەنێکی تری هونەری شیعری ئەم دوو شاعیرە لە ناسکویژی‌و چڕکردنەوەی زماندا خۆی دەنوێنێ.. هەندێ لایەنی هونەری سینتاکسسیان بەکار هێناوە، وەکو: "پاش‌و پێش کردنی وشەو دەربڕین، یان دووبارە کردنەوە، یان هەڵاوێردنیان یان بەدوای یەکداخستنیان ژێری‌و گیلی‌و.. هتد" زمانی شیعریی خۆیان پێ زاخاوداوەتەوەو چڕ کردۆتەوە، مەوداو سێبەرو ڕەنگیان بەخشیوەتە شعرییان، کە ئەمە بابەتی باسێکی جیایەو لێرەدا دەرفەتی لێ دوانی نییە.

دەتوانین کۆمەڵێ ڕایەڵ‌و پەیوەندیی تر، هەر بە گوێرەی میتۆدی "دەق ئاوێزان"، لە شیعری ئەم دوو شاعیرەدا بدۆزینەوە، بۆ نموونە مەولانا دەڵێ:

اردو چشمم عاقبت خواهند دیدن ان صفت
هر جزو من چشمی شود کی غم خورم من از عمی؟
ور عاقبت این چشم من محروم خواهد ماندن
تاکور گردد ان بصر کو نیست لایق دوست را

(١٣، ل٥)

مەولەوی دەڵێ:

وەش ئامای وە خێر هەی بەرگوزیدە
بۆ نە جای مەردووم جاگر نە دیدە
خەیڵێن بینایی جە دیدەم ڕەمان
بەڵ سوڵحشان بۆ بینایی و چەمان

(١٦.ل ٤٧٥)

یان:

وەخت چەم نە چەم شێوەت دیاربی
جەلام فەصل وەصل بەزم ئەغیار بی
ئێسە لێڵایی گرتەن دوو دیدە
خەڵوەتەن سابۆ ئەی بەرگوزیدە

(١٦.ل٤٧٩)

لێرەدا لای هەردوو شاعیر: چاو، دۆست، کوێربوون.. یا هاتنە ناو چاوەوە هەیە..

مەولانا ئەگەر چاوی پڕ ببێ لەو (صفت)ە، باکی چییە؟! هەر (جزو)ێکی دەبێ بە چاو، تەنانەت ئەگەر کوێریش بێ، چ خەم؟ بیناییەك کە لایەقی دۆست نەبێ بۆچی باشە؟!

مەولەوی بەخێرهاتنی دۆست دەکات کە بێتە ناو بیلبیلەیەوە، پێی دەڵێ: دەمێکە بینایی لە چاوم ڕۆیشتووە، کە تۆ هاتی بەڵکو ئاشتببنەوە.. لە شیعرێکی تردا دەڵێ: تا چاوم دەیبینا، وێنەکەت لە چاومدا لە باتی من بە وەسڵی تۆ شاد بوو، ئێستە کوێربووم، دەوەرەوە ناو چاومەوە با هەر

هەردووکمان بین،.. هەردوو شاعیر بەهایەکی ڕەمزیو ئیستێتیکی بەرزیان داوە بە (ئازین)و لە چاودا جێگەیان بۆ داناوەو تەنانەت لە (چاو)یش شیرینترو بەنرخترە.. لەگەڵ ئەم دوو ڕایەڵانەشدا کە هەیە لە نێوان ئەم مۆتیڤانەیاندا بەڵام هەر کەسەو شێوازی خۆی هەیە.. ئەمەش بەڵگەی "پەیوەندیی بەهێز"ە..

هەردوو شاعیر لە شیعری تریاندا، هەر بەدەوری "چاو"ەوە سووڕاونەتەوەو، وێنەی تریان لێ نەخشاندووە، مەولانا دەڵێ:

این دیده دل دیده اشکی بد دریاشد
دریاش همی گوید: "دریات مبارك بادا"

(١٣، ل١٣٣)

مەولەوی دەڵێ:

ئێستە دیدەی دڵ دێوانەکەی وێت
نەبێخ ئاوا مەگێلۆ پەرێت

(١٦، ل ٥٦)

کۆدە لەیەکچووەکانی ئەم دوو بەیتە "دیدەدڵ"، "دیدە اشکی"، "دەریا"یە.. چاوی دڵی مەولانا وەك دەریای لێ هاتووەو... "دیدەی دڵ"ی "مەعدووم"یش لە بنی زەریای فرمێسکدا بە دوای شێوەی عەنبەر خاتووندا دەگەڕێ. ئەمەش بە گوێرەی "لە نێوان دەقاندا" گەشەپێدانی وێنەی شاعیرێکی ترو خستنە سەریەتی...

یەکێك لە وێنە تەوەرەییو زۆر دووبارەبووەوەی لای هەردوو شاعیر (ساقی)یە، لەگەڵ موتریبو موغەنیو یارو دەف.. هتد کە هەردوو شاعیر مەودای جیاجیایان پێ داون.. و هەردووکیان فەزای ڕووالەتیو گیانی مەیومەیخواردنەوەیان بە شێوەیەکی میناتۆریی ورد بۆ کێشاوینو تیشکدانەوەو سێبەری ئەم تابلۆیانەی هەردوو شاعیر زۆر نزیکنو لە مۆزاییکی دەقدا لە تەنیشت یەکدا دەوەستن، لێرەدا دوو نموونە لە شیعریان دەهێنینەوە:

مەولانا

یار امدو جام بادە بر کف
ز آن می کە خلاف مذهب آمد
هر یار از جرعە مست بودم
این بار قدح لبالب امد

(١٣، ل١٤٦)

این مطرب جان، چو دف بدست آمد
این پردە بزن، کە یار مست آمد
چون چهرە نمود ان بت زیبا
ماە از سوی چرخ، بتپرست امد

(١٣، ل ١٤٤-١٤٥)

مەولەوی

ساقی، سا دەخیل جام مەی وە کەف
دەروێش ئامانەن کەڤ نە ڕووی دەف
----
خو نەوی فرست جارێ نەجاران
هەرپۆس وەمشت بیم پەی دین یاران
چەپگەرد جەخاتر وێش هەرگیز نەویەرد
کەی بێ جامیمان پڕ جە بادە کەرد
(١٦ ل١٨٤)

های دەروێش، نەی چی، مەی چی، دەف ، مەی ، نەی
بێ ئەمریی فەرمان ئازیز تا وە کەی،
دەف ئاسا بەو سۆز ناڵەو صەداوە
ڕوو ئەو یاران بود، پشت ئەو دماوە
----
چون پیاڵەی صاف دەروون جە مەی کەیل
بنمانوو خاس خاس عەکس چیهرەی لەیل
(١٦ ل ٣١٩)

ئەمە گوڵچنێکی کەم بوو، لە هەندێ وێنەو مۆتیڤی هاوبەش‌و لەیەکچووی شیعری ئەم دوو شاعیرەو، ڕاستییەکەی ئەمە دڵۆپێکی دەریای داهێنانی هەردوو مەولەوی: بەلخی‌و کوردە.

## سەرئەنجام

ئەم باسە، هەر بەم وتارو چەند نموونەیە تەواو نابێ، چونکە کەرەسەیەکی زۆرم لا کۆبۆتەوە، کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی فراوانترو هەمە لایەنە هەیەو چوارچێوەی هیچ وتارێك دەرۆستی نایەت!بەلاّم لەم تاوو توێکردن‌و تۆژینەوەدا، ئەوە دەرخراو نیشاندرا، کە ئەم دوو شاعیرە گەورەیەی ڕۆژهەلاّت، لەگەڵ جیاوازیی شوێن‌و کات لە ژیانیاندا، دوو شاعیرن چ لە ژیان‌و چ لە ئەزموونی فیکری‌و شیعرییاندا لەیەك نزیکن. هەروەها لە دنیای سۆفییەتداجێگەی تایبەتی خۆیان هەیە. مەولانا خۆی خاوەنی تەریقەتی (مەولەوی)یە، مەولەویی تاوەگۆزیش موریدێکی زانای نزیکی شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان‌و ڕووخسارێکی درەوشاوەی (نەقشبەندیی خالیدییەی موجەدیدییە) بووە.. لە هەردوو لایەنەکەی سۆفیزم: تیۆری‌و پراکتیکدا هەردوو شاعیر دەوریان

هەبووە. مەولانای ڕۆمی لەلایەنی پراکتیکییەوە دەوری بەربڵاوی لە سۆفییەتدا زیاتر لە مەولەوی تاوەگۆزی هەبووە، چونکە لەوە ناچێ تاوەگۆزی بانگەشەدەری مەیدانیی سۆفیزم بووبێ و زیاتر لە ژیانی شەخسیی خۆیدا ڕەنگی داوەتەوە. هەردووکیان لە سۆفییە زاناو خاوەن بیرەکان دەژمێردرێن.

لە شیعرە لیریکییەکانی هەردوو شاعیردا، کە ئەم وتارەی زیاتر بۆ تەرخانکراوە، چ لە ڕووی ناوەڕۆک و چ لە ڕووی هونەری و لایەنە ئیستیتێکییەکانەوە زۆر سەرەداوو ڕایەڵی هاوبەش دەرخران، کە هەندێ جار دیارو ڕوون و هەندێ جار شاراوەن، بە میتۆدی ئینتەرتێکستوالیتی، دەقی شیعرەکانی هەردوو شاعیر، کە بەدوو زمانی جیاواز: فارسی و کوردین، کران بە بابەتی توێژینەوەو گەلێ ئەنجام بەدەست هێنران.

زمانی شیعریی هەردوو شاعیر، شیرین و ڕەوان و بریسکەدارن و دوورن لە یاری بە وشەکردنی بێ ماناو ڕووالەتی و بالادەستییان لە زانستی ڕەوانبێژیدا وای کردووە، کە گەلێ لە هونەرەکانی ئەو زانستە بۆ چڕکردنەوەی ستیلیان بخەنە کار. هەر شاعیرەو، لەگەڵ نزیکیشیاندا لە یەك، دنیای هونەری تایبەتی و ستیلی خۆی هەیە.

مەولاناو مەولەوی ویستویانە لە شیعرەکانیاندا، دنیایی و ئیدیالی، ئینسانی و سۆفی لەیەك بدەن. وەك دوو شاعیری سۆفی ویستویانە بەهێزو بڕشتی بەرزی شیعرەکانیان لە پەیوەندییەکی زۆر ئاڵۆزو ناسك، لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و خودا بدوێن.

لە شیعرو گۆشەنیگای ئەماندا، هەرچی دەورووبەرو گەردوون و مرۆڤ هەیە، هەموو تیشکدانەوەی سێبەری "گیانی بەرزو باڵا"ن و شاعیر لە پەیجۆری تەواوکردنی ئەم گەڕان و دۆزینەوەدایە. هەر قۆناغێکی تەواوکرد، قۆناغێکی نوێی گەڕان و هەڵێکبوونی تری بەدوادا دێت و شیعرەکانیان ئاوێنەی ئەم نەسرەوتن و گەشتە تەواونەبووە ئەبەدییەی دوای نهێنییەکانی وجوودن.

## پاشکۆ

مەولەوییە- تەریقەتێکی سۆفییە، ساڵی ١٢٤٠ جەلالەدینی ڕۆمی لە قونیە (ئاسیای بچووك) دایمەزراندووە. ئەم تەریقەتە لە ژێر کارتێکردنی سۆفیزمی خوراساندا بووە. چونکە مەولانا جەلالەدین بەهۆی باوکییەوە هەر لەوێوە هەوای سۆفیزم کەوتۆتە سەری. دوای ماوەیەك مەولەوییە بوو بە تەریقەتێکی ناوچەیی ئاسیای بچووك و کەوتە بەر تەئسیری سۆفیزمی بەغداشەوە. ئەمە ڕێبازێکی سوننی بووە، سیلسیلەی خۆی گەیاندۆتە سەر عەلی کوڕی ئەبو تالیب. ناوەکەشی هەر لە مەولاناوە هاتووە، لە سەدەی چواردەیەمدا لە (قونیە) جەلالییەیان پێدەگووت، یەك ناوەندی هەبووەو لقی سەربەخۆی لێ جیا نەبۆتەوە.

بنکەی جەماوەری ئەم تەریقەتە بازرگانی بچکۆلەو کاسبکارو ئەهلی بازاڕو خاوەن پێشەکان بوون "ئەمانە نەخوێندەوار بوون، بەڵام زۆربەیان پیشەساز بوون" وردە وردە گۆڕان بەسەر ڕووی کۆمەڵایەتیی تەریقەتی مەولەویەدا هات و خەڵکی سەرباشقەو ناودارەکانی کۆمەڵگای لەخۆی کۆکردەوە، زۆربەی سوڵتانەکانی عوسمانی سەروبەندیان لەگەڵ مەولەوییەدا هەبووە. دەوری ساڵی ١٢٦٤ شێخ حیسامەدین حەسەن بووە یەکەم دەمڕاستی ئەم تەریقەتەو دوای ئەو سوڵتان وەلەدی (١٢٢٦-١٣١٢) کوڕی مەولانا جێگەی گرتەوە. بەڕاستی ئەم بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی ئەم

تەریقەتە لە قەڵەم دەدرێ. لەگەڵ فراوانبوونی دەوڵەتی عوسمانیدا، ئەم تەریقەتەش تەکییەو خانەقاو موریدو سۆفیی لە قاهیرەو دیمەشقو قودسو ئێرانو ئازەربایجاندا بڵاوبووەوە. کەمال ئەتاتورك ساڵی ١٩٢٥ تەکییەکانی داخست.
بناغەی بیرو بۆچوونی مەولەوییە لەسەر بنەمای ئیکلیتیکی "ڕێگای سێیەم" ی مەولانا جەلالەدین دامەزراوە، باوەڕیشییان وابووە، کە شێخی ئەم تەریقەتە فەزڵی نهێنی زانستی پێغەمبەری وەبەرکەوتووە. یەکێك لەو خەسییەتو تایبەتمەندییەی کە ئەم تەریقەتە لەوانی دی جودادەکاتەوە ئەوەیە، بایەخێکی زۆر بە مۆسیقاو گۆرانیو سەما دەدا لەکاتی بەستنی کۆڕی زیکردا، (سەماع – خادر). ئەمانە باوەڕیان وابووە، کە بەشێکی گیانی موتڵەق لە ناخی مرۆڤدا هەیەو، لەکاتی سەماو گوێ لە مۆسیقا گرتندا پاك دەبێتەوەو پیرۆزدەبێت. جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد ، کە مۆسیقا زیاد لە هەچ شتێکی تر، دەرگای خۆشەویستیی یەزدانی لە دڵی مرۆڤدا دەکاتەوە. ئەم ئاوازانەش زیاتر بە شمشاڵی حەوت بەند یان بە تەنبوور لێ دەدران، ئاوازەکە دەگۆڕدرا بەڵام شێوازی سەماکە هەروەکو خۆی دەمایەوە. ئەم کۆڕی زیکرانە زیاتر بە شەوو ڕۆژی هەینی دەبوون، سواڵکردن لە موریدانو خەڵکی سەر بەم تەریقەتە قەدەغەبووە. دەبوایە بە ئارەقەی ناوچەوانو ڕەنجی شان خۆیان بژیەنن، ئەگەر تەکییەش نەیتوانییایە یارمەتیی هەژارو بێکارەکانییان بدا، ئەوا ئاشناو کەسانی سەر بە تەریقەتەکە یارمەتی یەکتریان دەدا. بڕوانە:
ئیسلام. فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیایی (کۆمەڵێ ڕۆژهەڵاتناسی ڕووس)، سانکت پیتەربوورگ، ١٩٩١، ل١٢٦.


**سەرچاوەکان**

1. Bachtin. B. Dostojevskijs poetic، (c 1929،1963) sv. Övers. J، öbery. 1988.
2. Bachtin. B. Författaren och hjäliten. Overs. K. lindseten، Uddevalla، (Sweden)، 2000.
3. Bloom. H. The Anxity of Influence، New- York، 1973.
4. Culler. J. Structuralist Poetics. London، New- York، 2002.
5. Eagleton. T. Literary Theory. U.K. 1996،2004.
6. Eliot. T.S. Tradition and the individual talent. London، 1919.
7. Espmark .K. Dikt I Dialog. Stockholm. 1983.
8. Jonsson. I. Ideer och teorier om ordenskonst. Malmö (Sweden)، 2004.
9. Nicholson. R. A. The Mathnawi of Jalalu'ddin Rumi، Ed، from the oldest manuscripts available with critical notes، transl، and comment by R. A. Nicholson. Leiden، 1929.
10. Olsson. A. Intertextualitet، comparation och reception، en inledning Litteraturvetenskap. Staffan Bersten (red)، Lund (Sweden)، 2000.

١١. ئەکیموشکین. ئە. ف. پێشەکیی وەرگێڕانی (مثنوی)ی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی، بۆ ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٨٦.
١٢. دیما. ئە. چەمکەکانی ئەدەبی بەراوردکاری. وەرگێڕانیی بۆ ڕووسی، پێشەکی وپەراوێزی م.ب. فرودمان، مۆسکۆ، ١٩٧٧.
١٣. رومی. مولانا جلال الدین. برگزیده غزلیات شمس، مقدمه د.محمد ......... ، تهران،١٣٦٣.
١٤. رومی. مولانا جلال الدین، غزلیات شورانگیز شمس تبریزی، مقدمه فریدون کار، تهران،

١٨٣٨.
١٥. مودەریس. مەلا عبدالکریم، یادی مەردان، بەرگی دووەم، بەغداد، ١٩٨٣.
١٦. مەولەوی. دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، بەغداد، ١٩٦١.
١٧. هاشمی. سەید تاهیر. دەربارەی مەولەوی. گۆڤاری "سروە"، ساڵی یەکەم، ژ٣، پاییزی ١٣٦٤.

## *Abstract*

*This study is about lyrical poems of tow great poets: Jalalu'ddin Rumi (1207-1273) and Abdurrahim Mawlawi (1806-1882). The author followed the method of intertextuality: the relation of a particular text to other texts. Julia Kristeva writes that every text takes shape as a mosaic of citations، every text is absorption and transformation of other texts.*

*The intertxtual relationships in the Iyrics of Rumi and A. Mawlawi include angram، allusion، adaptation، pastiche and other kinds of transformation. In this work، I try to show the "hiddenlines"، as H. Bloom said، between (Rumi and A. Maulawi)'s texts and the poetic worlds of each poet.*

## ملخص البحث

يتناول هذا البحث الشعر الغنائي لأثنين من أكابر شعراء الشرق: مولانا جلال الدين الرومي (١٢٠٧-١٢٧٣) وعبدالرحيم المولوى الكردي (١٨٠٦-١٨٨٢). يطبق الكاتب في بحثه منهج أو اسلوب التناص، أي علاقة نص ادبي بنصوص اخرى. كتبت جوليا كريستفا بان النص يؤلف جزءا من موزائيك النصوص، من حيث الاستشهاد والتلميح والتضمين... الخ وترى هي بان النص ما هو الا امتصاص او محاكاة لنصوص اخرى. يحاول الباحث في دراسته هذه تبيان تلك العلاقة الفنية الموجودة بين النتاجات الشعرية للشاعرين المذكورين، ويشير الى تلميحات، تضمينات ومحاكاة ادبية في شعرهما، أو مثلما يقول هارولد بلوم "استكشاف العلاقات الخفية بين نصوص الشاعرين" ويبين تلك "المحادثة" الأدبية في الفن كتأكيد لديمومة وتواصل الابداع الأدبي عبر الزمن، اضافة الى تلك الخصوصية والتفرد لعالمي مولانا الرومي ومولوى الشعريين.